

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5791) چوارشەممە 17ی تەمموز 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

غەفوور مەخموورى:

سەردانەکەی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمدار دەبێت

دوێنێ سێشەممە شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتنە بەغداو بە چاوەڕوانکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوو حکوومەت لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کۆبۆوە، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانیش پێی وایە، هەرێمی کوردستان نیازی پاکە و دەشڵێ، سەردانەکەی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمدار دەبێت. غەفوور مەخموورى، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بە مانۆپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاند: بە درێژایی مێژوو هەرێمی کوردستان دەستی کراوە بووە لەبارەی دانوستان و لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەغدا، بەڵام حکوومەتەکانی ئێستا و رابردووی عێراق خواستەکانی گەلی کوردستانیان بەجێنەهێناوە، سەردانی ئەمجارەی شاندی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی، بۆ دەرخستنی نیازپاکیی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ بەغدا بۆ چارەکردنی کێشەکان.


(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)


شاندی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کۆدەبێتەوە

مەسرور بارزانی: هەموو ئەو شتانەی پێویست بوو بگوترێت خستمانەڕوو

لە داهاتوویەکی نزیک دەست بە گفتوگۆی تەکنیکی دەکرێت







دوێنێ سێشەممە شاندی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان گەیشتنە بەغدا و لە لایەن دکتۆر بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆک کۆماری عێراق لە کۆشکی سەلام پێشوازییان لێکرا. دواتریش لە کۆبوونەوەیەکدا بارودۆخی ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەند تاوتوکرا. هەر دوێنێ سێشەممە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیران عێراق گەیشتنە بالەخانەی ئەنجوومەنی وەزیران لە بەغدا. شاندەکە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە پێشوازییان لێکرا و لە کۆبوونەوەکەشدا شاندی هەرێمی کوردستان، نیازپاکیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا خستەڕوو و گفتوگۆیان لەبارەوەکرد. دواتریش مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەغدا لەگەڵ محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆبۆوە. دوای کۆبوونەوەکەش مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن.

زیاتر لەلاپەڕەی سێ بخوێنەوە

هەولێر بووە 55ەمین دەستەخوشکی پاریس



3

پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی پەسەند دەکات



ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، سەرەڕای ئەوەی پەرلەمان لە پشوودایە، بەڵام لە سەرەتای مانگی هەشت، پەرلەمان کۆبوونەوەی نائاسایی دەکات و ڕۆژی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، خوێندنەوەی دووەم و سێیەمی بۆ دەکرێت و پەسەند دەکرێت. ڕێڤینگ هرۆری، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ مانۆپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی دیار کرد: پشووی پەرلەمان لە 7/1 تا 9/1 دەخایەنێت، بەڵام 15 ڕۆژ لە پشووی هاوین کەم کرایەوە، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە لەو ماوەیەدا متمانە بە حکوومەت بدرێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



12

ئیمانوێل ماکرۆن .. هەڕەشە لە یەکێتی گەلی فەرەنسا دەکرێ



تی دیکەی ڕاگەیاند 6

لەنێو ئاپۆڕای جەماوەر، کریس گەڕایەوە یۆڤێنتۆس

(زیاتر لە ل15 بخوێنەوە)

نزیکەی شەش هەزار ماتۆرسکیل دەستیان بەسەردا گیراوە



7

کابینەی نۆیەم بەم هەنگاوانە دەتوانێت ئاستی گەشتیاری هەرێم بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو



14


سەید حەسەن شێخانی بۆ خەبات:

یان دەبێت دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە یاخود هەمووان بایکۆتی هەڵبژاردن و پڕۆسەی سیاسیی بکەین



خەبات/ تریفە ئازاد

سەید حەسەن شێخانی سەرکردە لە بزوتنەوەی ئیسلامی لە کەرکووک رایەدگەیەنێ، کورد لە کەرکووک وەک بارمتە مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێ. دەشڵێت: یان دەبێت دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە یاخود هەمووان بایکۆتی هەڵبژاردن و پڕۆسەی سیاسیی بکەین. سەید حەسەن شێخانی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا بە خەباتی راگەیاند: کورد لە کەرکووک وەک بارمتە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، ئەمەش مایەی قبوڵ نییەو ئێستاش کاتی گۆڕانکاری هاتووە، دۆخی شاری کەرکووک لە ئێستادا بە ئاراستەیەکی زۆر خراپدا دەگوزەرێ، بە تایبەتیش بۆ هاوڵاتیان و فەرمانبەرانمان. چونکە ئەو عەقڵیەتە شۆڤێنیەی کە چەندین ساڵە پەروەردە دەکرێت و گەشەی پێ دەدرێ لە عێراق و ناوچەکەدا ئێستا دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و دەرهاوێشتەکانی وەهەستکردنی نەتەوەی عەرەب بەکەمی، کەوا دەبینێ هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروووی عێراق جیاوازیەکی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەوەی دەتوانرا کاری زۆر گەورەتر بکرابایە، ئەگەر ئەو گەمارۆ ئابووری و سیاسییە نەبوایە بەرانبەر هەرێمی کوردستان. ئێمە لەسەرجەم کۆبوونەوەکانی حیزب و لایەنە سیاسییە کوردییەکان، دووپاتی ئەوەمان کردووەتەوە کە یان دەبێت دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوەو ئەو مەرجانەی بەغدا بەسەر شارەکەمان نەچەسپێت ئەوکات هەڵبژاردن بکرێت. یاخود بەیەک دەنگ بایکۆتی هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسیی بکەین.



هەبێت بۆ دۆخی کەرکووک کە موژدەیەکی خۆشە بۆ کەرکووکییەکان. ئەگەر بێت و بەرنامەی عەرەب و تورکمان لە بەغدا بچێتەسەر بۆ لابردنی دەنگی کورد لە تۆماری دەنگدەران و هێنانی عەرەبێکی زۆر و تۆمار کردنی ناوەکانیان لە لیستی دەنگدەران، ئەوا کورد لەم هەڵبژاردنە زەرەر دەکات، بۆیە پێویستە هەر ئێستا پارێزگار بۆ کەرکووک دابندرێت و ئەنجوومەنی پارێزگا دەست بەکارەکانیان بکەنەوەو تەواوی ئەو بڕیارانەی دژی کورد دراون لە پاش 16ی ئۆکتۆبەر هەڵیانبوەشێنێتەوە، هەروەها تەواوی ناوی عەرەبی هاوردە لە لیستی دەنگدەران دەربهێندرێت، ئامادەکاریش بۆ هەڵبژاردنێکی پاک و بێ گەرد بکرێت. چونکە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەمجارە گرنگە بۆ کورد کە کورسی پرۆسەی سیاسیی بکەین.

ئەنجوومەنەکە لە 42 کورسییەوە کەمکراوەتەوە بۆ 13 کورسی وەک هەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراق جگە لە هەرێمی کەردستان نەبێت و وە یاسای لامەرکەزیەتی پارێزگاکان دەرچووانددووە کە دەسەڵاتی لامەرکەزیەت بە پارێزگاکان دەدرێت، ئەویش هەنگاوێکی باشە ئەگەر بێت و کورد بە هێزەوە لە کەرکووک بێت، دەتوانێت زۆر کار و پرۆژەی باش ئەنجام بدات.

لە کۆتاییدا سەید حەسەن شێخانی بۆ خەبات گوتی: ئۆمێدەوارین بە زووترین کات کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجام بدرێت و لەوێش پارێزگارێک بۆ کەرکووک دابنرێت. ئێمە وەک بزوتنەوەی ئیسلامی ڕامان وایە ناکرێ بڕیارەتی و پێکەوەژیانی هاوبەشی سەدان ساڵەی نێوان پێکهاتەکانی ڕەسەنی ئەم شاری کەرکووک بکەینە قوربانی خواستی کەسانی خۆبەرست و هەلپەرست و گەندەڵ کەتەنها لەماوەی سێ مانگدا نزیکەی 770 ملیۆن دیناری بەس لە کەباب و تەشریبدا خەرج کردووە. ئەوانە بازرگان و بەرژەوەندخوازن و هیچی تر... داواش لە سەرجەم هاووڵاتیانی ئەم شارە دەکەین بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە نەبنە کەرەستە بۆ هێنانەدی خەونی ئەوانەی لەپاڵ مللانێیی قەومی و تایفەگەریدا دەیانەوێ پەرە بە شەڕی خەڵک و بەرژەوەندی خۆیان بدەن.

سەرۆک وەزیرانی عێراق پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد. لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، سەرۆک وەزیرانی عێراق هیوای سەرکەوتنی بۆ سەرۆک وەزیران و کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست و گوتی: ئومێدەوارین هەرچی زووتر بە کردەوە دەست بە هەنگاونان بۆ چارەسەری هەموو کێشە هەڵواسراوەکان بکرێت و بەیەکەوە هاوکاربین بۆ ئەوەی تواناکانمان بخەینە ئاراستەیەک کە بە سوود و قازانجی هەرێمی کوردستان و عێراق بێت بە گشتی و خزمەتێکی شایستەی هاوواڵتیان بکرێت.

کۆمەڵەی سۆسیال دیموکراتی کورد- سوید پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی کرد

کۆمەڵەی سۆسیال دیموکراتی کورد- یۆتۆبۆری سوید پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی کرد و هیوای خواست لە سەردەمی کابینەی نوێدا هەرێمی کوردستان زیاتر پێشکەوێت و بگاتە کەنارەی ئارامی و ئاوەدانی و سەقامگیری زیاتر. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز جەنابی کاک مەسرور بارزانی

سڵاو و ڕێز..

پیرۆزبایی گەرمی ئێمەتان پێشکەش بە ئێوە و هەموو کابینەی وەزیران و گەلی کوردستان بە بۆنەی هەڵبژاردنتان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران و پێکهێنانی کابینەی جێی متمانە و باوەڕی پەرلەمانی کوردستان. پێکهێنانی کابینەکە لە کات و ساتێک دایە، کە کوردستان لە هەر لاوە کەوتووەتە بەر گوشار و هێرشی هەمەلایەنە. چاوەڕوانی گەلیش لەوپەڕی بەرزیدایە بۆ دابینکردن و پێکهێنان و بە ئامانج گەیاندنی کەشتیی رزگاری لە جەنابتان و کابینەکەتان.

ئێمە هیوادارین بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردووتان و لە ژێر هەژموون و ڕێنموونی پیرانی بە ئەزموون و دڵسۆزانتان و هاوکاری و یەک دەنگی و بە ڕەچاوکردنی بۆچوونەکان کابینەکەتان بێتە مایەی شادمانی و ئاسایشی گەل و نیشتمان. هەروەها کوردستان بەرەو وڵاتێکی ئارام و ئاوەدان و سەقامگیر و کۆمەڵگەیەکی یەکسانی و دادپەروەرانەی نیشتمانی زیاتر بەرێت.

یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان: چوونی شاندەکەی هەرێم بۆ بەغدا هەنگاوێکی گرنگە

جێگری سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان ئاماژە بە گرنگیی سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا دەکات و دەڵێت ئێمە دەبێ پێداگیر بین لەسەر ئەوەی کورد مافەکانی خۆی لە دەستووری عێراقدا وەربگرێتەوە. کەریم بەحری ڕایگەیاندووە: لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکوومەتی ئێستای کوردستان، سیاسەتی بایەخدان و گرنگی بە پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا لە جێگەی خۆیەتی و هیوادارم لە ئەرکەکاندا سەرکەوتوو بن و ئەو گرفتە هەڵپەسێراوانەی هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێت. ئەو یاساناسە بۆ باسنیوز گوتیشی: دەبێ باشترین کار بۆ نوێنەرانی گەلی کوردستان، ئەولەویەتی گەڕانەوەی مافەکانی گەلی کوردستان بێت لە بەغدا تاکوو بتوانن ئەو گرفتە هەڵپەسێراوانە چارەسەر بکەن، تا لەو دڵەڕاوکێ و بێ متمانەییەیی کە دروست بووە، نەمێنێت و بتوانین دۆخی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان جێگر بکەین. گوتیشی: بۆ گەڕانەوەی متمانە لە نێوان هەولێر و بەغدا تاکتیک و دیپلۆماسییەت گرنگە، چونکە دوای دەنگدان بە دەستووری عێراق لە 2005 ەوە تا ئێستا لە دەستووری عێراقدا مافی گەلی کوردستانی دیاری کردووە، بەڵام مافەکان پشتگوێ خراون، لەوانەش مادەی 140.

بە بەشداری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گەورەترین کۆنگرەی کەمینە ئاینییەکان لە ئەمەریکا دەستی بەکارەکانی کرد

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

دوێنێ سێشەممە 2019/7/16 بەئامادەبوونی مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و نزیکەی 1000 کەس لە110 وڵاتی جیهان و نوێنەرانی پێکهاتە ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد، نۆکس تایمز باڵیۆزی ئازادی ئاینی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: ئەم کۆنگرەیە گەورەترین کۆنگرەیە لەمێژووی ئەمەریکا کە بۆ ئازادی ئاینی لەجیهاندا لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە ڕێکخراوبێت و تێیدا مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا تەئکیدی لەسەر گرنگیدانی ئەمەریکا بەمافی کەمینەکان و ئازادی ئاینی لەجیهاندا کردەوە و گوتیشی ئەمەریکا سالانە سەدان ملیۆن دۆلار بۆ پەرەپێدانی ئازادی ئاینی و لابردنی زوڵم و زۆر لەسەر کەمینە ئاینییەکان لەجیهاندا خەرج دەکات.



لەدریژەی لێدوانەکەیدا نۆکس تایمز ئاماژەی بۆ گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەمەسەلەی سەقامگیریی و ئازادیی ئاینی لەلای ئیدارەی ئەمەریکا کردەوە و هیوای خواست ئەم کۆنفرانسە نەخشەڕێگا و بەرچاوڕوونی بۆ هەنگاوەکانی ئەمەریکا کە سەرۆک دۆنالد ترەمپ زۆر گرنگی پێدەدات "دەستنیشان بکات" لای خۆیەوە ولیەم وەردە کەسایەتی مەسیحی هەرێمی کوردستان کە لەم کۆنگرەیە بەشدارە لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات تەئکیدی کردەوە کە ئەمەریکا تایبەتمەندی بە ڕەوشی ئێزیدی و مەسیحیەکانی عێراق بەتایبەتی دەدات و پێشبینی دەکەم هاوکاری زیاتر بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان لەدەشتی نەینەوا تەرخان بکات.


شایانی باسە هەموو ساڵێک وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوشی ئازادی ئاینیی لەسەرتاسەری جیهان بڵاودەکاتەوە و لەم ساڵانەی ڕابردووشدا بەشێوەیەکی ئیجابی باسی لە مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کردووە و چەندین خاڵی لاوازیشی لەسەر ڕەوشی ئاینی لەناوەڕاست و باشووری عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خستۆتەڕوو.


yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/7/17 ژمارە (5791)
خەبات

شاندی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کۆدەبێتەوە

مەسرور بارزانی: هەموو ئەو شتانەی پێویست بوو بگوترێت خستمانەڕوو

لە داهاتوویەکی نزیک دەست بە گفتوگۆی تەکنیکی دەکرێت







دوێنێ سێشەممە شاندی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان گەیشتە بەغدا و لە لایەن دکتۆر بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆک کۆماری عێراق لە کۆشکی سەلام پێشوازییان لێکرا. دواتریش لە کۆبوونەوەیەکدا بارودۆخی ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەند تاوتووکرا. هەر دوێنێ سێشەممە مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیران عێراق گەیشتنە باڵەخانەی ئەنجوومەنی وەزیران لە بەغدا. شاندەکە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە پێشوازییان لێکرا و لە کۆبوونەوەکەشدا شاندی هەرێمی کوردستان، نیازپاکیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا خستەڕوو و گفتوگۆیان لەبارەوەکرد.

دواتریش مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەغدا لەگەڵ محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆبۆوە. دوای کۆبوونەوەکەش مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن، رایگەیاند: دوێنێ لە کۆبوونەوەی یەکەمی حکومەت بڕیارمان دا، ئەمڕۆ سەردانی بەغدا بکەین بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین لە بارەی ئەو بابەتانەی پێویستیان بە چارەسەر هەیە.

گوتیشی: ئەمڕۆ لەگەڵ جەنابی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و حکوومەت کۆبوینەوە. تێگەیشتنی زۆر باش هەبوو. هەموو ئەو شتانەی پێویست بوو بگوترێت لە لایەن شاندی هەرێمەوە خستمانەڕوو. هەروەها گوتی: لە داهاتوویەکی نزیک دەست بە گفتوگۆی تەکنیکی دەکرێت بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتانە.

هاوکات سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبووسی، پێزانینی خۆی بۆ سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا دەربڕی و رایگەیاند، سەردانەکە گرنگ بوو بۆ پێشاندانی نیازپاکی هەرێمی کوردستان.

لەم سەردانەدا پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان، بوودجەو نەوت، کەرکووک، ئاوارەکان لەدیدارەکان گفتوگۆیان لەسەرکرا، بۆ ئەوەی لەداهاتوویەکی نزیک هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان بنرێت.

جێی باسە هەریەک لەقوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت، فرسەت ئەحمەد وەزیری داد، رێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ، شۆرش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە، ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی وئابووری و فەوزی هەریری سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەندامیەتی شاندەکە دەکەن.

هەولێر بووە 55مین دەستەخوشکی پاریس

پارێزگاری هەولێر و شارەداری پاریس رێککەوتننامەیەک واژۆ دەکەن



رۆژی دووشەممە لە تەلاری شارەوانی پاریس، یاداشنامەی دەستەخوشکیی پاریس و هەولێر واژوو کرا و بەمەش هەولێر بووە 55مین دەستە خوشکی پاریس. ئان ئیدالگۆ سەرۆکی شارەوانی پاریس و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە ماوەی رابردوودا چەند جارێک بۆ میدیاکان باسیان لەگرنگی ئەم یاپاداشتنامەیە کردووە. بە گوێرەی یاداشنامەکەش هەماهەنگی و کارکردن لە نێوان هەر دوو پایتەختدا زیاتر بەرفراوان دەبێت بە تایبەتی لە بواری ئابووری و کولتووری و ژینگەیدا. بەپێی راگەیەندراوێکی پارێزگای هەولێریش، بەمەبەستی بردنەدان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو شار بۆ دەوڵەمەندکردنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هاوواڵاتیانی هەردوولا و گۆڕینەوەی ئەزموونی هەمەجۆر و پێکەوەکارکردن لە چوارچێوەی ئەم رێککەوتننامەیە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشترو گونجاوتر بۆ هاوواڵاتیانی هەردوولا ئەم رێککەوتننامەیەیان واژوو کردووە.

ئەمەش دەڵی راگەیەندراوەکەی پارێزگای هەولێر:

ئەمڕۆ لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا رێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاریکاری نێوان هەردوو شاری پاریس و هەولێر بە ئامادەبوونی شاندی هەردوولا لەلایەن هەریەک لە ئان هیدالگۆ شارەداری پاریس و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر واژۆ کرا.

بەمەبەستی بردنەدوان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو شار بۆ دەوڵەمەند کردنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هاوواڵاتیانی هەردوولا و گۆڕینەوەی ئەزموونی هەمەجۆر و پێکەوە کارکردن لە چوارچێوەی ئەم رێککەوتننامەیە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشترو گونجاوتر بۆ هاوواڵاتیانی هەردوولا رێککەوتین لەسەر:

بەندی یەکەم: چەند بوارو پسپۆرییەک دەگرێتەوە، ودک رێگاکانی هاتوچۆ و گەیاندن و ماستەرپلان و نەخشەسازی شارو پاراستنی شوێنەواری میژوویی و بەرەوپێشبردنی لایەنی ئابووری و گەشتوگوزار و ئالوگۆڕی کولتووری و وەرزشی و چۆنیەتی بەرێوەبردن و چارەسەری خۆڵ و خاشاک و پاراستنی سروشت و بردەوام بە بواری کشتوکاڵ.

بەندی دووەم: هەولێ بۆ بەردەوام پێشبردنی کاری هاوبەش دەدەن لە رێگەی ئالوگۆڕی ئەزموونی و فێرکاری و کارگێڕی و تەکنیکی لە بوارەکانی ئامارە پێکراو لە بەندی یەکەم.

بەندی سێیەم: ئەم رێککەوتننامەیە فراوانتر دەکرێت بە پێی خواستی هەردوولا لە تێکڕای بوارەکانی کە لە بەندی یەکەمدا ئاماژەیان پێکراوە.

بەندی چوارەم: رێککەوتن کرا لەسەر بنەماکانی میواندارێکردن لە نێوان شاندەکانی هەردوولا، کە لەسەر پرەنسیپێکی گونجاو رێککەوتوون و دەبێتە بنەما بۆ هەموو شاندەکان.

بەندی پێنجەم: بەشی پەیوەندییەکانی هەردوولا چاودێریی جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیە دەکەن و پرۆگرامی هاوبەش دادەنێن بە پشتبەستن بەم رێککەوتننامەو لە رێگەی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا و کونسولگەریتی فەڕەنسا لەهەرێمی کوردستان.


بەندی شەشەم: پسپۆڕانی کارگێڕی هەردوولا هاوکاری خۆیان پێشکەشی بەرێوەبەرایەتییەکان دەکەن کە هەڵدەستن بۆ پێکهێنان و دارشتنی ستراتیژیەت بۆ هەر یەک لە پسپۆڕییەکانی کە لەم رێککەوتننامەیەدا هاتووە.

لەلایەن هەریەک لە بەرێزان:

ئان هیدالگۆ
شارەداری پاریس

نەوزاد هادی
پارێزگاری هەولێر
واژۆکرا

غەفوور مەخموری: سەردانەکەی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمدار دەبێت



دوێنێ سێشەممە شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتنە بەغداو بە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوو حکوومەت لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کۆبۆوە، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستانیش پێی وایە، هەرێمی کوردستان نیازی پاکە و دەشڵێ، سەردانەکەی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمدار دەبێت.

غەفوور مەخموری، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان، بە مانگەپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: بە درێژایی میژوو هەرێمی کوردستان دەستی کراوە بووە لەبارەی دانوستان و لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەغدا، بەڵام حکوومەتەکانی ئێستا و رابردووی عێراق خواستەکانی گەلی کوردستانیان بەجێنەهێناوە، سەردانی ئەمجارەی شاندی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی، بۆ دەرخستنی نیازپاکیی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ بەغدا بۆ چارەکردنی کێشەکان. گوتیشی: ئومێدی زۆرمان هەیە ئەمجارە بگەنە ئەنجامێک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە هەڵواسراوەکان، چونکە کارنامە و هێڵە گشتییەکانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم ئەوەیە، تەواوی کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارە بکرێن، لەبەر ئەوەی نیازی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک، پاکە.

مەخموری ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئەوەی تا ئێستا بەدیدەکرێت، سەرۆکوەزیرانی عێراق سیاسەتێکی نەرمی بەرامبەر بە هەولێر پیادەکردووە، ئەوەش ڕێگەخۆشکەرە و دەبێتە هۆی ئەوەی بگەینە جۆرێک لە تێگەیشتن لەگەڵ بەغدا، کێشە لەوەدایە بەشێک لە کارەکتەرەکانی دیکەی کە وێنای سیاسەتی بەغدا دەکەن، ئەوان تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، بە دیدی من ئەگەر کێشەکان لە چوارچێوەی گفتوگۆی هەردوو سەرۆکوەزیردا بێت، ئەوە دەگەنە ئەنجامێکی باش، بۆیە گەشبینم بەوەی سەردانی ئەمجارەی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، بەرهەمدار دەبێت.

ئا/ قائید میرۆ

د. عەلا مەکی:

بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکان چارەسەر دەبن



نوێنەری ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراق بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی لە هەرێمی کوردستان، گوتی، چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە گفتوگۆ و ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا هەیە و دەبێ کێشەکان بە پێی دەستوور و ماددەی 140 چارەسەر بکرێن.

نوێنەری ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراق بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی لە هەرێمی کوردستان، د. عەلا مەکی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پێویستە کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە گفتوگۆ و بە پێی دەستوور و لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدادا چارەسەر بکرێن، ئەمەش پێویستی بە چەند هەنگاوێک هەیە، وەکو سەرژمێری و وەرگرتنی ڕای خەڵک لەبارەی ئەو ناوچانەوە. گوتیشی: چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە هەیە کەشێکی لەباری بۆ دروست بکرێت و سەقامگیریی سیاسی لە عێراق دروست بێت و ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت، چونکە بە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە سەرجەم کێشەکانی ئەو ناوچانە چارەسەر دەکرێن.

مەکی باسی لەوەش کرد: دانانی پارێزگارێکی نوێ بۆ پارێزگای کەرکووک پێویستی بەوە هەیە هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا گفتوگۆ لەوبارەیەوە بکەن و ئەو کێشەیەش چارەسەر بکەن، چونکە جگە لە گفتوگۆ هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە بۆ ئەوەی کێشەکانی ئەو ناوچانە چارەسەر بکرێن.

هەر گۆڕێکی بەکۆمەڵی سەماوە ڕووفاتی زیاتر لە 100 هاوواڵاتیی کوردی تێدایە

فوئاد عوسمان بۆ خەبات: پێشبینی دەکرێت ناوچەکە گۆڕی بەکۆمەڵی زۆرتری تێدا بێت



بووین بۆ دیاریکردنی کاتێک لەگەڵ دەزگای شەهیدانی عێراق، چونکە بەپێی یاسای هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ژمارە 5ی ساڵی 2006 هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە لە ئەستۆی گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەستپێکردنی ئامادەکارییەکانی بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شاری سەماوە لە پارێزگای موسەنا ڕاگەیاند. فوئاد عوسمان، گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: لە ماوەی ڕابردووداو شاندێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی پارێزگای سەماوەی کرد و ڕێتوشوێنی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لەگەڵ پارێزگار و دەزگای شەهیدانی عێراق تاوتوێ کرد، لە چەند ڕۆژێی ڕابردووشدا لە پەیوەندیدا دەزگای ناوبراوە. گوتیشی: لە ڕۆژی 2019/7/13وە تیمەکانی دەزگای شەهیدانی عێراق سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ دەستپێکردنی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و چاوەڕێ دەکرێت تیمەکانی هەرێمی کوردستانیش پەیوەندییان پێوە بکەن تا دەست بکرێت بە هەڵدانەوەیان. ئاماژەی بەوەش دا: پێشبینی دەکرێت ناوچەکە گۆڕی بەکۆمەڵی زۆرتری تێدا بێت، بەڵام ئەو گۆڕانەی دۆزراونەتەوە ژمارەیان 3 گۆڕە و بە گوتەی شایەتحاڵەکان هەر یەکەیان ڕووفاتی 100 هاوواڵاتیی کوردی تێدایە کە دانیشتووی سنووری گەرمیانن.

لایەنە عێراقییەکان لەبارەی پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق ناکۆکیی زۆریان هەیەو نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن



بڕیارە هەفتەی داهاتوو جارێکی دیکە پەرلەمانی عێراق کۆببێتەوە و یەکێک لەو پرۆژەیاسایانەی بڕیارە پەرلەمان یەکلای بکاتەوە، پرۆژەیاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقە، پەرلەمانتارێکی پارتیش دەڵێ، ناکۆکیی زۆر هەیە و کوتلەکان نەگەیشتوون بە ڕێککەوتن. هەدار بارزانی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: یەکێک لەو پرۆژەیاسایانەی پەرلەمان دەیەوێ بەر لەوەی بچێتە پشووی هاوینەوە یەکلای بکاتەوە، پەسەندکردنی پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقە، بەڵام بەداخەوە کوتلەکان تا ئێستا نەگەیشتوون بە ڕێککەوتن و زەحمەتە بەو ئاسانییەش یەکلا ببێتەوە.

پەرلەمانتارەکەی پارتی دەشڵێت: لایەنە عێراقییەکان لە هەوڵدان بۆ پەسەندکردنی پرۆژەکە، بەڵام ناکۆکیی نێوانیان وای کردووە دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکان دوا بکەوێت، بە تایبەتی لایەنی سوننە زۆر ناڕازین بە شێوەی ئێستا پرۆژەکە تێپەڕێت.لەبارەی هەڵوێستی کوردیشەوە، هەدار بارزانی ڕایگەیاندووە: خاڵێکی نێو پرۆژەیاساکە ناکۆکیی زۆری لەسەرە، کە پەیوەستە بە دیاریکردنی ڕێژەی دەنگدەر بۆ ناوچەکان، چونکە بەوە بێت ئەگەر لایەنەکان ڕێژەیەکی زۆری دەنگ بەدەستنەهێنن، بۆیان هەژمار ناکرێت، ئێمە وەک فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێداگرین ئەوەمان کردووە، کە پێویستە یەکلابکرێتەوە و بەرژەوەندیی هەموو لایەن و پێکهاتەکان لە بەرچاو بگیرێت، هەندێ هێزی سوننە و بەشێک لە شیعەش هەمان بۆچوونیان هەیە، چونکە ئەگەر وەک لە پرۆژەکەدا هاتووە ڕێژەی دەنگدان بەرز نەکرێتەوە، ئەوا لە هەندێ ناوچەی وەک دیالە دەنگی کورد دەفەوتێت.

دووبز.. عەرەبە هاوردەکان هێرشیان کردە سەر گوندێکی کوردنشین



دوێنێ سێشەممە کۆمەڵێک عەرەبی هاوردە هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندێکی کوردنشینی سەر بە قەزای (دووبز)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک و ویستوویانە داگیری بکەن. لەمبارەوە عەبدوڵا نووری، قایمقامی شەرعیی قەزای دووبز، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: عەرەبە هاوردەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی قەرەدەرەی سەر بە دووبز بۆ ئەوەی گوندەکە داگیر بکەن. ڕوونیشی کردۆتەوە: ئەو عەرەبانەی کە هاتوونەتە سنوورەکە سەر بە هۆزی "دیلێمی"ن. ڕاشیگەیاندووە: هاوکات ئەو عەرەبانە ویستوویانە هەندێک شوێن دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی لە سنووری ئەو گوندەدا خانووی تێدا ساز بکەن، بەڵام لەلایەن دانیشتوانی ڕەسەنی گوندەکەوە کوردن ڕێگرییان لێ کراوە و تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش خەڵکی گوندەکە و عەرەبە هاوردەکان ڕووبەڕووی یەک وەستاون.

یەکێتی ئەورووپا سزای بەسەر تورکیادا سەپاند

جگە لەکەمکردنەوەی هاوکارییە دارایییەکان دیدارەکانیشیان لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ ئەنقەرە هەڵدەپەسێرن



جێی باسە پێشتریش وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو بەهۆی کڕینی سیستەمی بەرگریی دژە مووشکی ئێس 400 گەمارۆی ئابووری بەسەر تورکیادا دەسەپێنن. ماوەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش گوتبووی: خۆی و دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی وڵاتەکەی بە گوێرەی یاساکانی ئەمەریکا کاردەکەن و یاسا چ بڕیارێک بدات، ئیدارەکەیان جێبەجێی بکات.

بەهۆی هەوڵەکانی ئەنقەرە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی وزە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، کە بە پێشێلکردنی سەروەری خاکی قوبرس دادەنرێت، ڕۆژی دووشەمە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بڕیاریان دا کۆمەڵێک سزا بەسەر تورکیا بسەپێنن دوای ئەوەی ئەنکەرە داواکانی ڕەتکردنەوە بۆ ڕاگرتنی کارەکانی پشکنین لە نزیک قوبرس. سزاکانیش بریتین لە "هەڵپەساردنی وتوێژەکان سەبارەت بە ڕێککەوتنی هاتوچۆی ئاسمانی، ڕاگرتنی وتوێژەکان لەگەڵ ئەنکەرە لەسەر ئاستی کاربەدەستانی باڵا، ڕاسپاردنی بانکی وەبەرهەمهێنانی ئەورووپایی تاوەکو پیاداچوونەوە بکات بە قەرزەکانی بۆ تورکیا". لەگەڵ ئەمانەش وەزیرەکان پێشنیاریان کردووە کۆمیسیۆنی ئەورووپایی یارمەتییە دارایییەکانی بۆ تورکیا لە ئەمسااڵدا کەمبکاتەوە. وەزیرەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا هۆشداری ئەوەشیان داوە کە ئەگەر ئەنقەرە بەردەوام بێت لە هەڵسوکەوتەکانی لە قوبرس ئەوا سزاکان بەرفراوانتر دەکەن و چەندین کۆمپانیاو کەسایەتیش کە پەیوەندییان بە کارەکانی پشکنین لە نزیک قوبرسەوە هەیە، بخەنە نێو سزاکانەوە.



لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 36 هاوواڵاتی کورد دەستگیر کران

ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت، لە ماوەی ڕۆژێ ڕابردوودا شەپۆلێکی تازەی دەستبەسەرکردنی هاووڵاتیان لە شارەکانی کوردستان دەستپێکردووە. ڕێکخراوەکە دەشڵێت، هاووڵاتیەکی خەڵکی مەریوان بە ناوی خالید سووری دوای بانگ کران بۆ دەزگاکانی ئەمنی ئەو شارە دەستبەسەر کراوە. ڕێکخراوی هەنگاو دەشڵێت، بە پشت بەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ماوەی 10 ڕۆژی ڕابردوودا دەیان هاووڵاتی کورد بە تۆمەتی چالاکی سیاسی دەستبەسەر کراون. ڕاشیدەگەیەنێت تا ئێستا ناسنامەی 36 هاووڵاتیکە دەستبەسەر کراوان بۆ هەنگاو ڕوون بووەتەوە و لە نێو ئەو دەستبەسەرکراوانەدا کە ناسنامەیان ڕوون بووەتەوە،8 کەس خەڵکی مەهاباد، 7 کەس خەڵکی ساین قەاڵ، 7 کەس خەڵکی مەریوان، 7 کەس خەڵکی سەقز، 7 کەس خەڵکی میاندواو، 7 کەس خەڵکی سنە، 7 کەس خەڵکی شنۆ و یەک کەس خەڵکی تکاب بوون.

ڕێکخراوی هەنگاو دەشڵێت، بەپێی زانیاریەکان باس لەوە دەکەن کە ژمارەی دەستبەسەرکراوان نزیک بە 50کەس دەبێت و لە شارەکانی سنە و مەریوان و ساین قەاڵ چەندین هاووڵاتی دیکە دەستبەسەر کراون، بەاڵم تا ئێستا ناسنامەیان بۆ هەنگاو ڕوون نەبووەتەوە.

بەسرە.. کەوتنەوەی ئاگر لە بەندەڕێکی تایبەت بە هەناردەکردنی نەوت

سەرچاوەیەکی ئەمنی عێراق ڕایگەیاند کە ئاگر لە بەندەری بەسرە تایبەت بە هەناردەکردنی نەوت کەوتووە. لای خۆیەوە دامەزراوەی نەوتی بەسرە هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوە و ڕایگەیاند کە بە هۆی ڕووداوەکەوە، چوار کرێکار بریندار بوون. دامەزراوەکە ئاماژەی بەوەش داوە کە تواندراوە ڕێگە لە تەشەنەسەندنی ئاگرەکە بگیرێت و کۆنترۆڵکراوە.

هاوکات سەرچاوەیەک لە هێزی دەریاوانیی عێراق ڕایگەیاند کە ئاگرەکە لە شوێنی حەوانەوەی کرێکارەکان کەوتووەتەوە کە بە هۆیەوە ژمارەیەکیان بریندار بوون. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە بە هۆی ئاگرکەوتنەوەکەوە وەزیری نەوت، سامر غەزبان گەیشتووەتە بەندەرەکە. بەندەری پارێزگای بەسرە تاکە دەروازەی دەریاییە کە عێراق ڕۆژانە چوار میلۆن بەرمیل نەوتی لێوە هەناردە دەکات.

سوپای ئیسرائیل

وەرگرتنی دوو فڕۆکەی دیکەی جۆری F35ی لە ئەمەریکا راگەیاند



سوپای ئیسرائیل رایگەیاند کە دوو فڕۆکەی دیکەی جۆری F35ی لە ئەمەریکا وەرگرتووە. سوپای ئیسرائیل راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە دوو فڕۆکەکە بە گەیشتنیان بۆ ئیسرائیل لە بنکەی نێثاتیم نیشتنەوە. هەر لە راگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو، کە هاوکاریی دریژمەودا لە نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکادا هەیە، بە تایبەتیش لە بواری سەربازییدا، هەر لە چوارچێوەی ئەو هاوکارییانەشدا، ئەمەریکا فڕۆکەی جۆری F35ی رادەستی ئیسرائیل کردووە. ئاماژە بەوەش دەکرێت کە تا ئێستا ئیسرائیل 11 فڕۆکەی جۆری F35ی لە ئەمەریکا وەرگرتووە بەوەش یەکەم وڵاتە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت بە خاوەنی ئەو فڕۆکەیە. جێی باسە رۆژی سێشەممەی هەفتەی رابردوو سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو رایگەیاندبوو کە ئامانجەکانی فڕۆکەی F35 دەگاتە هەر شوێن و ناوچەیەک تەنانەت دەگاتە ناو خاکی ئێران و سووریاشەوە.

ئەمەریکا... بەفەرمی مارک ئێسپەر بۆ پۆستی وەزیری بەرگریی دەستنیشان کرا



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ بە شێوەیەکی فەرمی ناوی مارک ئێسپەر کە دەستنیشانی کردووە بۆ پۆستی وەزیری بەرگریی و بۆ ئەنجوومەنی پیران ڕەوانە کرد. کۆشکی سپی ڕایگەیاند، دۆنالد ترەمپ بە شێوەیەکی فەرمی ناوی مارک ئێسپەر کە دەستنیشانی کردووە بۆ پۆستی وەزیری بەرگریی بۆ ئەنجوومەنی پیران ڕەوانە کردووە. چاوەڕوان دەکرێت پرۆسەی ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر مارک ئێسپەر سەرەتا لێژنەی تایبەتمەند و دواتر لە دانیشتنی گشتی ئەنجوومەنی پیراندا ڕەزامەندی لەسەر بدرێت. ئەگەر ئێسپەر توانی دەنگی پێویست بە دەست بهێنێت دەبێتە وەزیری نوێی بەرگریی ئەمەریکا. دوای ئەوەی لە کانوونی دووەمدا وەزیری پێشووی بەرگریی ئەمەریکا، جێمس ماتیس دەستی لەکارکێشایەوە بۆ نزیکەی حەوت مانگ، پاتریک شاناهان وەزارەتی بەرگریی بە وەکالەت بەڕێوەدەبرد.

عەلی خامنەیی:

ئێران چەتەییەکەی بەریتانیا بێ وەڵام ناهێڵێتەوە



ڕابەری ئێران، عەلی خامنەیی بەریتانیای بە "چەتەییکردن" لە دەریادا تۆمەتبار کرد کە دەستی بەسەر کەشتییەکی نەوت هەڵگرتووە و ئێرانی هەڵگرتووە و ڕایگەیاند، ئەمە بێ وەڵام ناهێڵنەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی نووسینگەکەی، عەلی خامنەیی لەگەڵ وتارخوێنانی هەینیدا کۆبووەتەوە و ڕێککەوتنی ئەتۆمی و دەستبەسەرداگرتنی کەشتیی نەوتی ئێرانی هەڵسەنگاندووە.عەلی خامنەیی ڕەخنەی تووندی لە بەریتانیا گرتووە کە لە گەروویی جەبەل تاریق دەستی بەسەر کەشتییەکی نەوت هەڵگری ئێراندا گرتووە و گوتوویەتی: بەریتانیا چەتەیی دەریا دەکات و کەشتییەکەمان دەدزێت. سەرەتا تاوان ئەنجام دەدەن و دواتر بەرگی یاسایی بۆ دەدوورن. ئێران و ئەوانەی باوەڕیان بەم ڕژێمە هەیە، ئەم شەبتانییە بێ وەڵام ناهێڵنەوە. کە کات و شوێنی خۆی هات، وەڵامی پێویست دەدرێتەوە.خامنەیی وڵاتانی خۆڕئاوای بە خۆبەزلزان لە قەڵەم دا و گوتی: هۆکاری مانەوەی کێشە جدییەکانمان لەگەڵ وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا ئەوەیە خۆبەزلزانن. ئەگەر وڵاتی بەرامبەریان لاواز بێت ئەوە و خۆبەزلزانییەیان ئەنجامی دەبێت، بەڵام ئەگەر بزانن و لە ڕووی ڕاستەقینەی وڵاتی بەرامبەریان تێ بگەن ئەوا شکست دەهێنن.

عەلی خامنەیی ئاماژەی بەوەش دا کە وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف شارەزای مامەڵە دیپڵۆماتییەکانە و وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا ڕەچاوی بەڵێننامەکانیان نەکردووە و گوتی: ئێمە بە زیادەوە پابەندبووین بە بەڵێننامەکانەوە، ئێستا لەبەر کەمکردنەوەی ئەوانە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا کاردانەوەیان هەیە و دەڵێن بۆ ئەو هەنگاوانە دەنێن. هەی بێچاووڕوو ینە! ئێوە 11 بەڵێنتان نەبردە سەر و ئێمە تەنها دەستمان کردووە بە کەمکردنەوە، بێگومان ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت.

پەیامی ئێران بۆ ترەمپ: سزاکان هەڵبگیرێن ڕێگای دیپلۆماسیی دەکرێتەوە

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف باسی لەوە کرد کە ئەگەر ئەو سزایانەی پاش کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەسەر وڵاتەکەیدا سەپێندراوە هەڵبگیرێن، ئەوا ڕێگای دیپلۆماسی نێوان هەردوو وڵات دەکرێتەوە. محەمەد جەواد زەریف لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەڤیزیۆنی ئێن بی سی ئەمەریکی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو سزا ئابووورییانەی لە دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ بەسەر ئێراندا سەپێندراوە خەڵکی مەدەنی کردووەتە ئامانج.وەزیری دەرەوەی ئێران باسی لەوە کرد کە سزاکانی ئەمەریکا بووتە ڕێگر لەبەردەم چارەسەری زۆر نەخۆشی لە ئێراندا و گوتی: ئێمە جەنگ ناخوازین، دەبێت ئەمەریکاش واز لە کردنە ئامانجی گەلی ئێران و سەپاندنی گوشاری مرۆیی گەورە بهێنێت. محەمەد جەواد زەریف باسی لە ئەگەری گۆڕینی نێوان ئەمەریکا و ئێران کرد بۆ جەنگ و گوتی: 'پێمواییە سەرۆک ترەمپ جەنگ بخوازێت، بەڵام لەو باوەڕەدام لە دەوریدا کەسانێک هەن لە جەنگ بێزار نابن. وانازانم ئەوانە سەرکەوتووبن، چونکە پێموایە لە کۆتایی ڕۆژدا ژیری بالادەست دەبێت. هەموو دەزانن ئێران ولاتێکی گەورە و شکۆدارە و هێرشی سەربازیی قبوڵ ناکات. وەزیری دەرەوەی ئێران لەبەرامبەر ئەمەدا باسی لەوەکرد کە بە هۆی گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە چەند مانگی ڕابردووەدا و پاش هێرش بۆ سەر کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە کەنداو و دەریای عومان ڕوویان لە زیادبوون کردووە. ئەمەریکا ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەستی لەو هێرشانەدا هەیە، بەڵام ئێرانیش ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە.

ڕەتکردنەوەی دانوستان

دوای ئەوەی دەنگۆی دانوستاندنی نهێنی نێوان ئێران و ئەمەریکا بڵاوبوویەوە، وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایدەگەیەنێت، ئێران هیچ جۆرە دانوستاندنێکی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکا لە هیچ ناوچەکەوە مەترسیی پێکدادان لە ئەنجامی ڕووداویان "ڕووداوی پلان بۆ داڕێژراو" هەیە.وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە پێویستی زانیوە لە پێناو کرانەوەی ڕێگای دانوستان لە نێوان تاران و واشنتۆندا پێویستە ئەمەریکا ئەو سزایانەی کە لە دوای کشانەوە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی سەپاندوویەتی، هەڵبگرێت و گوتی: ئەو کاتەی کە سەرۆک ترەمپ ئەو سزایانە هەڵدەگرێت کە دوای دەستبەکاربوونی سەپاندوونی، ڕێگای دانوستان دەکرێتەوە. لە وەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بەوەی کە دەکرێت دانوستان لەبارەی پرۆگرامی مووشەکی بالیستیی ئێرانەوە بکرێت یان نا، محەمەد جەواد زەریف گوتی: با لەو بابەتەی کە ئامادەین دەست پێ بکەین، ئەگەر بێت و هەست بە پێویستیی تاوتوێکردنی مووشەکی بالیستیی بکەین، ئەو کاتە بڕیاردەدین کە دەتوانین چی بکەین.

وەزیرێکی ئیسرائیل: شەڕ لەگەڵ ئێران لە شەڕی بەوەکالەتەوە بۆ شەڕی ڕاستەوخۆ گۆڕدراوە

یەکێتیی ئەورووپا هەوڵی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئێران و ئەمەریکا دەدات



خەبات-زانکۆ جاف:

وەزیرێکی ئیسرائیل ئاشکرای دەکات، وڵاتەکەی خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لەگەڵ ئێران لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ئامادە دەکات و دەشڵێت، پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا شەڕەکە ڕوودەدات یان نا، بەڵکو ئەوەیە کە کەی ڕوودەدات. لەلایەکی دیکە فیدریکا مۆگرینی، بەڕپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا کە ڕۆژی شەممە سەردانی بەغدای کرد، ڕایگەیاندبوو کە بۆ کەمکردنەوەی گرژی و ئالۆزییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران، پشتگیری لە پرۆژەی عێراق بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی ناوچەیی دەکات.

هەڕەشەکانی ئیسرائیل

وەزیرێکی ئیسرائیل ئاشکرای دەکات، وڵاتەکەی خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لەگەڵ ئێران لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ئامادەدەکات و دەشڵێت، پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا شەڕەکە ڕوودەدات یان نا، بەڵکو ئەوەیە کە کەی شەڕ ڕوودەدات. تزاچی هانیگبی، وەزیری هاریکاریی هەڕێمایەتیی ئیسرائیل ڕایگەیاند "ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لەگەڵ ئێران یان بااڵ سەربازییەکانی لە ئەگەری ڕوونەدانی شەڕ زیاترە". گوتیشی، شەڕ لەگەڵ ئێران لە شەڕی بەوەکالەتەوە بۆ شەڕی ڕاستەوخۆ گۆڕدراوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە مەبەستی لە "ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆ" چییە؟ هانیگبی گوتی: ئێمە بۆردوومانیان دەکەین و ئەوانیش وەڵامان دەدەنەوە، بێئەوەی زیانمان پێبگەیێنن. ئێرانییەکان دەتوانن لە عێراقەوە مووشەک بەکاربهێنن و لە لوبنان و ئێرانیشەوە کاربکەن. ئێمە هەموو ڕووبەڕووبونەوەیەک بە سەرکەوتن کۆتاییدەهێنین. دەزانین چۆن لە هەر هەڕەشەیەک خۆمان بپارێزین. ئێمە توانای بەرگری لەو جۆرەمان هەیە کە ئەوان نیانە. لەبارەی بوونی هێزی سەربازیی ئێرانیش لە سووریا، تزاچی هانیگبی دەڵێت: نزیکەی 10 هەزار چەکدار لە سووریادان کە لەژێر فەرمانی سوپای پاسداران دان. بەاڵم بەگوتەی ئەو سوپای وڵاتەکەی ڕێگەنادات تاران پێگەی سەربازیی خۆی لە سووریا جێگیربکات.

کەمکردنەوەی گرژی و ئالۆزییەکان

فیدریکا مۆگرینی، بەڕپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا لەمیانی سەردانەکەی بۆ بەغدا ڕایگەیاند بۆ کەمکردنەوەی گرژی و ئالۆزییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران، پشتگیری لە پرۆژەی عێراق بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی ناوچەیی دەکات کە ئامانجیان کەمکردنەوەی گرژی و ئالۆزییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکایە و ئێمە پشتگیری لە هەموو ڕەهەندە بەسوودەکانی دەکەین. بەڕپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا کە پاش پێنج ساڵ سەردانی عێراقی کردووە، بە ئاماژە بە گرژی و ئالۆزیی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ناوچەک، پێشگیری لە تەشەنەکردنی ئەو گرژییانەی بە کاری سەرەکیی ئەورووپا لە قەڵەم داوە. فدریکا مۆگرینی ئاماژەی بەوەش کردووە: ڕوودانی جەنگ دەرەنجامی قورسی بۆ هەموو لایەنەکان دەبێت و ئەم یەکێتییە لەلایەک ئامانجی پەیوەندیی باشی هەموو لایەنەکانە و لەلایەکی دیکەشەوە هۆشداری بە هەوڵە مەترسیدارەکان دەدات. سەردانی فیدریکا مۆگرینی بۆ عێراق، لە هەلومەرجێکدایە کە گرژی و ئالۆزییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە چەند مانگی ڕابردووەدا و پاش هێرش بۆ سەر کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە کەنداو و دەریای عومان ڕوویان لە زیادبوون کردووە. ئەمەریکا ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەستی لەو هێرشانەدا هەیە، بەاڵم ئێرانیش ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە.

ڕەتکردنەوەی دانوستان

دوای ئەوەی دەنگۆی دانوستاندنی نهێنی نێوان ئێران و ئەمەریکا بڵاوبوویەوە، وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایدەگەیەنێت، ئێران هیچ جۆرە دانوستاندنێکی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکا لە هیچ ئاستێکدا نەبووە.

قۆناغێکی یەکجار مەترسیدار

ئەو لێدوانەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وەک ڕەتکردنەوەی ئەو هەواڵانە دێت کە باس لە پەیامێکی ئەمەریکا دەکات لە ڕێگەی ڕووسیاوە گەیاندوویەتە ئێران. میدیا جیهانییەکان باسیان لەوە کردبوو، ئەمەریکا لەو پەیامەدا داوای لە ئێران کردووە هەردوو وەزیری دەرەوەی وڵاتەکانیان لەسەر مێزی دانوستاندن کۆببنەوە. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا دەستبەجێ ڕەتیکردەوە ئەمەریکا لەڕێگەی مۆسکۆوە پەیامێکی لەو شێوەیەی بۆ تاران ناردبێت. ئەو کاردانەوەیەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دوای پەیامەکەی ترەمپ دێت بۆ بەرپرسانی ئەو وڵاتە کە هۆشداری ئەوەی پێ دابوون "خەریکە دەچنە ناو قۆناغێکی یەکجار مەترسیدارەوە" ترەمپ لە پەیامەکەیدا ئاگاداری ئێرانی کردەوە کە پێ لە بەڕەی خۆیان زیاتر ڕانەکێشن.


www.xebat.net
چوار شەممە 2019/7/17 ژمارە (5790)
خەبات

بەرپرسێ لقێ 1 خو ل گرفتێن جوتیاران دکەتە خودان



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ و ب ئامادەبوونا رێڤەبەرێ گشتی یێ چاندێ-پارێزگەها دهوکێ پێشوازیا نوینەرێن جوتیارێن سنورێ قەزا سێمێلێ کرن، ل دەسپێکا ڤێ چاڤپێکەفتنێ دا بەرپرسێ لقێ گوهداریا خواست و داخوازی و گلە و گازندێن جوتیاران بۆ نەخاسمە ژ نەدانا پارێن جوتیاران یێن سالێن چوویی و دیسان وەرگرتنا رێژا کێم یا گەنمی ژ لایێ حکومەتا فیدرالێ ڤە کو ئەڤە ژی بوویە گرفتەک لهەمبەر جوتیاران، ژ لایێ خوەڤە بەرپرسێ لقێ تەکەز لسەر وێ ئێکێ کر کو بەری نوکە و نوکە ژی دێ داکوکەرێن سەرەکی بن ژ بۆ بجهئینانا خواستێن جوتیاران و ئێک ژ کارێن هەری سەرەکی یێ حکومەتا نوی یا هەرێما کوردستانێ و جەنابێ رێزدار مەسرور بارزانی پێتەدانە بکەرتێ گشتوکالی و ڤان داخواز و گلەیێن هەوە دێ گەهینینە جهێن پەیوەندیدار .

وەزیری کارەبا داوا دەکات لە چوار ساڵی داهاتوودا هەموو لایەک هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ باشتر گەیاندنی خزمەتگوزاریی کارەبا بە هاووڵاتیدان



دوای دەستبەکاربوونی کەمال محەمەد وەزیری کارەبا لە پۆستی نوێی دا، دوێنێ لە دیوانی وەزارەتی کارەبا سەرپەرشتی یەکەمین کۆبوونەوەی وەزارەتی کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا کە بریکاری وەزیر و راوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت ئامادەبیوون، وەزیری کارەبا وێڕای سوپاسی ستاف و فەرمانبەرانی کارەبا کە لەماوەی رابردوودا بەسەرکەوتوویی ئەرک و کارەکانی خۆیان جێبەجێ کردو، داوای لە ستافی وەزارەت کرد لە چوار ساڵی داهاتوودا هاوکارو هەماهەنگ بن لەبەرەوپێشچوونی وەزارەت و بونیاتنانەوەی ژێرخانی کارەبا و باشتر گەیاندنی خزمەتگوزاریی کارەبا بە هاووڵاتییان.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەتێروتەسەل باس لەو کاروچالاکیانە کرا کە لەماوەی رابردوو سەرەڕای قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجە توانراوە جێبەجێ بکرێت، دواتر وەزیری کارەبا باسی لەو رێوشوێنی پێویست و گونجاو کرد تاوەکو لەم کابینەیەدا کارنامەی وەزارەت دارێژرێت و بەزووترین کات بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوەو بەپێی توانا بەجیددی کاری لەسەر بکرێت. دواتر بەڕێوەبەرە گشتییەکانی کارەبا باسی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەیان کرد کە بووەتە هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی زۆر لە پرۆژەکانی کارەبا. لەدرێژەی قسەکانی دا کەمال محەمەد وەزیری کارەبا کارنامەی خۆی لەسەرجەم سێکتەرەکان خستەڕوو داوای لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەت کرد بەشێوەیەکی وورد کار لەسەر ئەو بابەتە بکرێت تاوەکو بتوانرێت بەشێوەیەکی یەکسانانەو دادپەروەرانە وزەی کارەبا بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش کرێت و لەخزمەتی ئەواندا بن و مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتییاندا لەسەر بنەمای گەیاندنی ئەو خزمەتگوزارییە بێت.

وەزارەتی پلاندانانی هەرێم دوو جۆر گرێبەستی دیکەی راگەیاند

بەڕێوەبەری گرێبەستەکان لە وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عومەر عارەب: "جۆری یەکەم لە گرێبەستەکان پاککردنەوەی شارەکان و هەڵگرتنەوەی مین و پرۆژەی خێرا دەگرێتەوە و پێویست ناکات بۆ گرێبەستکردن هیچ راوێژێک بکرێت، جۆری دووەمیش پرۆژە بچووکەکانن کە بوودجەکەیان لە سێ ملیۆن دۆلار تێنەپەڕێت".

بە مەبەستی گەشەپێدانی جێبەجێکردنی پرۆژەکان، وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ئاژانسی نێودەوڵەتی ئەمریکا، دوو گرێبەستی دیکەی راگەیاند.

دوێنێ لە هەولێر کۆنفرانسێک بۆ راگەیاندنی جۆرێکی دیکەی گرێبەستی فەرمانبەران بەڕێوەچوو.

بەڕێوەبەری گرێبەستەکان لە وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عومەر عارەب بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: "ئەو شێوازەی پێداچوونەوە بە گرێبەستەکان لە ساڵی 2014 بڕیاری لەسەر دراوە و لە ساڵی 2016 یەکەم شێوازی گرێبەستەکان راگەیەندرا، ئەمڕۆش دوو شێوازی دیکەی گرێبەست رادەگەیەندرێت".

عومەر عارەب گوتی: "جۆری یەکەم لە گرێبەستەکان پاککردنەوەی شارەکان و هەڵگرتنەوەی مین و پرۆژەی خێرا دەگرێتەوە و پێویست ناکات بۆ گرێبەستکردن هیچ راوێژێک بکرێت، جۆری دووەمیش پرۆژە بچووکەکانن کە بوودجەکەیان لە سێ ملیۆن دۆلار تێنەپەڕێت، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی خێراتر جێبەجێ بکرێن و کاریگەریان هەبێت".

ناوبراو لەبارەی هاوکارییەکانی ئەو گرێبەستەوە باسی لەوەکرد کە پرۆژەکە لە لایەن رێکخراوی نێودەوڵەتی ئەمریکییەوە پشتیوانی دەکرێت و شارەزایەکی باڵای بیانی راوێژکارییانە و لەئێستاشدا سەدا 80ی پرۆژە بچووکەکان دەکەونە چوارچێوەی ئەم گرێبەستەوە.

بەرپرسێ لقێ 9: ئەم هەردەم رولێ ئافرەتێ ب بلند دنرخینین دهوشیارکرنا هەستا نەتەوی و نیشتیمانی دا



بو پتر ئاگەهداربوون لسەر کاروچالاکیێن ئەنجومەنێ ئافرەتان ل ئاکرێ و ئەو بەرنامەیێ هاتیە دارێشتن ل ئەنجومەنێ ئافرەتان ل ئاکرێ کوپشتی ئەڤ ئەنجومەنە نوی دەست بکاربووین و پشتەڤانیا لقێ 9بۆ سەرکەفتنا کاروچالاکییێن وان ، شاندەکا ئەنجومەنێ ئافرەتان ل ئاکرێ ب سەرپەرشتیا خاتون دلڤین شیمال بەرپرسا ئەنجومەنێ ئافرەتان ل ئاکرێ سەرەدانا بارەگایێ لقێ 9 کر و ژ ئالیێ سەباح بەیتوڵلا بەرپرسێ لقێ 9ب گەرمی هاتنە پێشوازیکرن ، دروینشتنەکێ دا بەرپرسێ لقێ 9کورتیەک بەردا سەر خزمەت و خەبات و بەرخودان و قوربانیدانا ئافرەتا کورد ب گشتی و نەمازە ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ د هەمی شورەشێن رزگاریخوازیا گەلێ کوردستانێ و نەمازە ل شورشا مەزنا ئیلونێ و شورەشا گولانا پێشکەفتنخواز و سەرهلدانا جەماوری و بەرەڤانیکرن ل حکومەتا هەرێما کوردستانێ ورولێ ئافرەتێ ئەم ب بلند دنرخینین دهوشیارکرنا هەستا نەتەوی ونیشتیمانی و جڤاکی و فەرە ئەڤرۆ ژی ئافرەتا کورد ب هەمان هەلویستێ نەتەوی ونیشتیمانی خوە پتر ماندی بکەتن بو هوشیارکرنا جڤاکی ژ هەمی ئالیەکێ ڤە و رولەکێ دیارو بەرچاڤ ژی بگێرن ل برێڤەبرنێ چونکە ئەڤرو ئافرەت ئەندام پەرلەمان و وەزیرو ورێڤەبەرو ئەفسەرەو.. هتد. ژ ئالیەکێ دیڤە بەرپرسێ لقێ9 پێشوازیا خاتون جەمیلە محەمەد حاجی ئەنداما ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوک کر و بەرپرسێ 9 خویاک رکو پێدڤی یە ب هەمی شیانێن خو هەول بدەن بو پێشکێش کرنا پروژەیێن خزمەتگوزاری بو ئاکرێ و بەردەرەش چونکی مللەتێ مە پێدڤی ب پتر خزمەتکرنێ یە ، لدویماهیێ بەرپرسێ لقێ9 پشتەڤانیا خو بو ئەنجومەنێ ئافرەتان ل ئاکرێ و ئەنداما ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوک دووپاتکر و وان ژی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ 9 کرن .

کارکردن لە پرۆژەی شەقامی 120 مەتری بەردەوامە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار سەرتیپ قادر سەرپەرشتیاری پرۆژەی شەقامی 120مەتری و 150 مەتری روونیکردەوە: کارکردن لە پرۆژەی شەقامی 120مەتری درێژەی هەیەو لە ئێستادا کارکردن لەشەقامەکە لەدوا قۆناغدایەو خۆی لە 9 کیلۆمەتر دەبینێتەوەو کارەکە لەنێوان شەقامی هەولێر ـ کەرکوک و هەولێر ژ موسڵە و بڕیاریش وایە تا کۆتایی ئەمساڵ شەقامی 120 مەتری تەواو بکرێت و بکەوێتە خزمەتی شوفێران و سەرپەرشتیاری شەقامەکە.

هەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بە کارەکانی پرۆژەی شەقامی 150مەترداو گووتی: ئەو پرۆژەیەش بریتییە لە پرۆژەیەکی گەورەو ستراتیژی و پرۆژەیەکی گەورەیەو یەکەم قۆناغی کارکردنی ئەو پرۆژەیە 14 کیلۆ مەتر کارکردنە و لە نێوان رێگای هەولێر ـ کۆیە بۆ رێگای هەولێر ـ بەحرکە و شەقامێکی مۆدێرن و جوانەو دوای تەواوبوونی شەقامی 120مەتری و150 مەتری هاووڵاتیان سوودێکی زۆر لەو دوو شەقامە وەردەگرن و جەنجاڵی ناوشاریش کەم دەکاتەوەو ئاسانکاریەکی تەواویش بۆ هاووڵاتیان دەکات لە ڕووی هاتوچۆوە.



جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ سەرا نڤێسینگەها بەرسڤدانا قەیرانان دا

خەبات ـ دهوک: دوهی پشتی نیڤرو 16/7/2019 بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ و ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی سەرا نڤێسینگەها بەرسڤدانا قەیرانان (JCC) یا سەر پارێزگەها دهوکێ دا ، ژلایێ خاتوون مەنال محەمەد رێڤەبەرا نڤێسینگەها بەرسڤدانا قەیرانان (JCC) و فەرمانبەرێن نڤێسینگەهێ پێشوازی لێ هاتە کرن. دهەڤدیتنەکێدا بەحسێ رەوشا نڤێسینگەها بەرسڤدانا قەیرانان (JCC) و ئەو کار و خزمەتا پێشکێش دکەت هاتە کرن. پاش جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ گەریانەک ل ناڤ ژورێن نڤێسینگەهێ کر و ژنێزیک سەحکرە رەوشا نڤێسینگەهێ و پیروزباهی ل رێڤەبەر وکارمەندێن نڤێسینگەها بەرسڤدانا قەیرانان (JCC)کر و سەرکەفتن بو خواست وپشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ. هەژی گوتنێ یە نڤێسینگەها بەرسڤدانا قەیرانان (JCC) سەر ب کارگێریا پارێزگەها دهوکێ وەزارەتا نافخویی ڤەیە وکارێ وێ پێشکێشکرنا هاریکاریایە بو وەلاتیان دەمێن قەیران ورودانێن نەخوازیار روددەن.

هەولێر: لە 6 مانگدا 100حاڵەتی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆمارکراوە

بەڕێوەبەرایەتی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبە ئافرەتانی پارێزگای هەولێر ئامارەکانی پەیوەست بە توندوتیژییەکان بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیەنێت کە لە چەندین حاڵەتدا بەگشتی توندوتیژییەکان کەمیانکردووە، بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، ڕێباز زیوەر مستەفا رایدەگەیەنێت "زیاتر لە 100 حاڵەتی توندوتیژی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بووە". لە میانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2018دا، هەزار و 621 سکاڵای توندوتیژی دژبە ئافرەتان تۆمارکراوە و لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا، هەزار و 846 سکاڵا هەبوون. بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، ڕێباز زیوەر مستەفا لەوبارەیەوە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا کە ئاژانسی ئانادۆڵوش دەیگواستەوە رایگەیاند کە ئامارەکانی ئەمساڵ رادەگەیەنن و بەراوردیش لە نێوان ئامارەکانی ساڵی پار و ئەمساڵ دەکەن و گوتی: "لە یەکی کانوونی دووەم تاوەکو 30ی حوزەیرانی ساڵی2018 حاڵەتەکانی سووتان بریتی بوون لە 27حاڵەت، حاڵەتەکان لە هەمان ماوەی ئەمساڵ واتا 2019 بریتیی بووە لە 30 حاڵەت، واتە سێ حاڵەت زیاد بووە، هەرچی خۆستاندنە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2018حاڵەتەکان 24 بووە، بۆ ساڵی 2019 ژمارەکە بووە بە20 حاڵەت، واتە چوار حاڵەت کەمی کردووە، کوشتن لە شەش مانگی یەکەمی2018 بریتی بووە لە هەشت حاڵەت بووە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ شەش حاڵەت بووە واتە دوو حاڵەت کەمی کردووە". لەدرێژەی قسەکانیدا ئەو بەرپرسەی بەڕێوەبەرایەتییەکە ئاماری دیکەی خستەڕوو و لەومبارەیەوە رایگەیاند "هەرچی پەیوەندیی بە خۆکوشتنی ژنانەوە هەیە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2018ئەوا 10 حاڵەت بووە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ هەشت حاڵەت بووە، سەبارەت بەدەستدرێژی سێکسی لە شەش مانگی یەکەمی 2018 بریتی بووە لە23 حاڵەت، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ 2019بریتی بووە لە حاڵەت 14. سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵا لە سنووری نووسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، نەقیبی مافپەروەر ڕێباز زیوەر مستەفا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن گوتی: " تۆمارکردنی سکاڵا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2018 بریتی بووە لە هەزار و 621 حاڵەت بووە و لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیش هەزار و 846 حاڵەتمان تۆمارکردووە".

لەدرێژەی قسەکانیدا بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبە ئافرەتانی پارێزگای هەولێر ئەوەشی راگەیاند "ئەو حاڵەتانەی رەوانەی شڵتەرەکان کراون لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان 168حاڵەت بووە، 137 حاڵەتییان کێشەکانیان چارەسەرکراون و گەڕێنراونەتەوە نێو خانەوادەکانییان،31 حاڵەتیشیان سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیانن". ئەو هەروەها گوتیشی: "لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە لێژنەی ئاشتەوایی، 272 حاڵەتمان هەبووە،66 حاڵەتییان ئاشت بوونەتەوە، 172یان ئاشت نەبوونەتەوە، 32شیان ئامادەنەبوون".

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/7/17 ژمارە (5791)

تائێستا نزیکەی شەش هەزار ماتۆڕسکیل دەستیان بەسەردا گیراوە

ماتۆڕسکیل هاوواڵاتیانی هەراسانکردووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبوون دایە

بەپێی دوا بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ ئەو شوێنانەی کە ماتۆڕیان لێ دەفرۆشرێت و نایاسایین شوێنەکانیان دادەخرێت

ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی

لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی ژمارەی ماتۆڕسکیلەکان لەکوردستان ڕووی لە زیادبوون کردووەو شوفێران و هاوواڵاتیان لەدەست ماتۆڕسکیل هەراسان بووین و لەکۆڵانەکانیش دیاردەی خراپ لێخوڕینی ماتۆڕسکیل بەزەقی بەرچاو دەکەوێت و دەنگی بەرزی ئەو ماتۆڕسکیلانە بۆتە هۆکاری بێزارکردنی هاوواڵتیان و لەلایەن هاتوچۆی پارێزگاکانیش بۆ چەندین جار هەڵمەتی دەست بەسەرداگرتنی ماتۆڕسکیل ئەنجامدراوە.







گوتەبێژی هاتوچۆی هەولێر:
99٪ی ئەو کەسانەی کە ماتۆڕسکیل لێدەخوڕن مۆڵەتی شوفێریی ماتۆڕسکیلیان نییە

گۆڕەپانی هاتوچۆی پارێزگاکان پرپەتی لە ماتۆڕسکیل، بەڵام هەوڵەکان بێ هودەن لەبەر ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی ماتۆڕسکیل ڕووی لە زیادبوون کردووە و لەناوجەرگەی بازاڕیش شەقامێک و گۆڕەپانێک لەلایەن ماتۆڕفرۆشەکان بوونی هەیەو جەنجاڵییەکی زۆریان لەو شەقامە دروست کردووە، کە لە ڕۆژانی هەینی هیچ کەسێک ناتوانێ بەوشەقامەدا گوزەر بکات لەبەرماتۆڕفرۆش و ئەوانەی کە ماتۆڕیان هێناوە بۆ فرۆشتن، لەوێدا جۆرەها ماتۆڕسکیل دانراوە بۆ فرۆشتن وەک ڕۆژنامەی خەبات سەبارەت بە دیاردەی خراپ لێخوڕینی ماتۆڕسکیل و زۆربی ژمارەی ماتۆڕسکیل ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد:

هاوواڵتیان و شوفێران هەموو کاتێک گلەیی و گازاندەیان لە شوفێرانی ماتۆڕسکیل هەیە کە زۆر بەخراپی ماتۆڕسکیل لە شەقامەکان و کۆڵانەکان لێدەخوڕن و گوێ بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ نادەن بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەک لەهاوواڵتیان قسەیان بۆ کردین: مام قادر لەگەڕەکی 121ی گوڵان گوتی: پارسااڵنم کوڕێکی 12 ساڵانم ماتۆڕسکیل لێی داو شوفێرەکەش هەڵات و دوای چەند هەفتەیەک لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراو کوڕەکەشم بەسەختی زامداربوو، داوا لەحکوومەتی هەرێم دەکەم کە بەتوندی لێپرسینەوە لە شوفێرانی ماتۆڕسکیل بکەن بۆ ئەوەی چیتر مااڵی خەڵکی وێران نەکەن.

مام زرار بەهەمان شێوە باسی چێرۆکی ڕووداوێکی ماتۆڕسکیلی بۆ کردین و گوتی: بەیانییەکی زوو بۆ سەرکار دەچووم ماتۆڕ تاسە بەرزەکانی ئەو شەقامە لە دواوە ماتۆڕسکیلێک خۆی بە ئوتومبیلەکەم کێشاو کەوتە بەردەمی ئوتومبیلەکەم و واقم وڕماو جەنجاڵی دروست بوو دەمودەست بە تاکسیەک شوفێری ماتۆڕسکیلەکەم گەیاندە نەخۆشخانەو ماوەی یەک مانگ بەدیار ئەو شوفێرە دانیشتم تا چاک بێتەوە، بۆ دواجار شوفێری ماتۆڕسکیلەکە کەم ئەندام بوو داوا لە هاتوچۆ دەکەم کە سنووردێک بۆ شوفێری ئەو سکیلێک بەرامبەرم هاتوو خۆی بە ئوتومیلێکەم کێشاو شوفێرەکەشی زامداربوو ماوەی 5ڕۆژ خەریکی چارەسەرکردنی شوفێرەکەی بووم و زیاتر لە 5 ملیۆن دینارم لە شوفێری ماتۆڕسکیلەکە خەرج کرد تا چاک بووەوە.

سامان لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژ ئاوا گوتی: ڕۆژانە ڕووداوی ماتۆڕسکیل دێتە نەخۆشخانەکەو هەندێک لە شوفێرەکانیان زۆر بەسەختی بریندار دەبن و چاک بوونەتەوە، بەاڵم هەندێکیان کەم ئەندام دەبن بەهۆی خراپ لێخوڕینی ماتۆڕسکیلەوە، داوا لە شوفێرانی ماتۆڕسکیل دەکەین کە پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆبن و لەکاتی لێخوڕینی ماتۆڕسکیل کڵاوی تایبەت بە ماتۆڕسکیل لەسەری خۆیان بکەن و مۆڵەتی لێخوڕینی ماتۆڕسکیلیان هەبێت.



مام تەهای شوفێری تاکسی گوتی: بەیانییەک لە شەقامی 100 مەتری ڕێک لەسەر جیهانییەکان فێربووین هەرگیز ناترسم.

چەند هەڵمەتێک بۆ دەستگیرکردنی ماتۆڕسکیل ئەنجامدراوە.


ماتۆڕسکیلانە دابنێت و ئەو شوفێری ماتۆڕسکیلانەی کەسەرپێچی دەکەن وەکو شوفێری ئوتومبیل سزا بدرێن تا چیتر شوفێری ماتۆڕسکیل

فێری پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ دەبن.

رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ

سەروکاتییا باژێرڤانییا دیرەلوك/ کارگێری

ژمارە: ٣٣١

ڕێکەفت: ٢٠١٩/٧/١٠

بو/ بەرێز/ بیناهی کمال اسلام/ ئەندازیار/ کارگێری

ترساندن

لپەی دەستهەلاتێن بو مە هاتینە دان ژ لایێ رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (١٣٠٦) ل ٢٠١٨/٢/١٤ برگە (٥) ژ دەستهەلاتێن کارگێری یێ راستکری و ژبەر نەهاتنا تە بو سەر کارێ خو بشتی دوماهیك هاتنا مولەتا یا بێ مووچە ب فەرمانا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (٢٧٩٠) بو ماوێ (٣) هەیڤا ژ روژا ٢٠١٩/٧/١ بێ ئەگەر ئاگەهداریا تە دکەین کو دەست بکارێ خو بکەی ژ روژا بێیە ئاگەهدارکرن ب ترساندنا مە بو دەمێ (٣) سێ روژا ئەگەر تو ل سنورێ هەرێمێ بی و ئەگەر دەرڤەی سنورێ هەرێمێ بی بو دەمێ (٣٠) روژا بەروڤاژی دێ هێ یە دەست کێشان ژ کاری.

ئەندازیار/ عبدالمناف رشید درباز

سەروکێ باژێرڤانییا دێرەلوك ب وەکالەت

* * *

فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/١
تۆماری ئامێرەکان
ئاگاداری
بەپێی ئەو داواییەی کە لەلایەن (هێمن صالح احمد) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی (ساردەمەنی و شیرینی ئەنتالیا Antalya بۆ دروستکردنی ساردەمەنی و شیرینی/ پرۆژەی بچووک) لەبەرواری (٢٠١٩/٧/٨) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە لە (توی مەلیك) دانراون کە ئامێرەکانیان لە خواروەوە دیاری کراوە بەپێی یاسایی دادنووسانی ژمارە (٣٣) سالّی (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیداریان خاوەنی هەریەك لەو ئامێرانە دادەنێ لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارە تۆماری دەکەین و بڕوانامەی تۆماری ئامێرەکانی پێ ئەدرێت.
ئامێرەکان-
١- ئامێری دروستکردنی دۆدرمە جۆری ایطالی کارەبایی ٣ph مۆدێل (BV٢٥٠pm) ژمارەی (9y٣QZ)
٢- ئامێری دروستکردنی دۆدرمە جۆری ایطالی کارەبایی ٣ph مۆدێل (BV٢٥٠pm) ژمارەی (٦٩QNL)
٣- ئامێری دروستکردنی شەربەتی پرتەقال جۆری ئێرانی کارەبایی سنگل سالّی ٢٠١٧ مۆدێل (OPJ-٢٠١٢) ژمارە (٠٠٠٣٧٣١)
٤- ئامێری دروستکردنی ئەزبەری – جۆری ایطالی کارەبای سنگل مۆدێل (DFMOD-GR٣١٠) ژمارە (١٠٥-٤٧٠٣١٥-٠٠٠)
٥- ئامێری بەستەرە- بۆ بەستن و توندکردنەوەی دۆدرمە گرتنەوەی دۆدرمە بەشیر ایطالی کارەبایی مارکەی caltabrigq ژمارە (٢٨٤٠٠٠٢١٢)
دادنووس/ بنار یادگار رشید
* * *
دادگای باری کەستێتی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٢٤٣/ش/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢
ئاگانامە
داواکار/ امانی یاسین محمدامین ناونیشان سلێمانی/ سەروەری
داوالەسەرکراو/ حسین سعید محمد رضا
ناونیشان: نادیارە
داواکار (امانی یاسین محمد امین) داوایەکی بە ژمارە ١٢٤٣/ش/٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد بە پەسندکردنی طلاقی دەرەکی لەبەرواری ٢٠١٩/١/١٦ وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاساییدا هەلنەستیت بەتانە لێدانی پیاچوونەوەی بریارەکە ئەو بریارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ د. طه عمر رشید
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٧٢٢/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: انور رشید احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سیروان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٧٢٤/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ژیار دارا بکر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (چوارتا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٧٢١/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد علی عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٤) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (خورمال) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٥٢٢/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: چۆمان جزاء عمر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٥٧٧/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: اکو عبدالرحمن محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١١) لەیاسای رێکخستنی بازرگانی ناوەکی و دەرەکی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١١٩٣/ك/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٦/٣٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: گۆران ابوبکر سعید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ٧٨٦/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری کۆمپانیای OCALA بۆ خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار سەرەرای کارەکەی)
داواکار (رەوەند شیرکو علی- بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (Engineering House) سەرەرای کارەکەی) داوای ژمارە (٧٨٦/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (بەرێوەبەری کۆمپانیای OCALA بۆ خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار سەرەرای کارەکەی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر گەرەکی نازناز) لە ٢٠١٩/٧/٤ بڕیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٨/١٩) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ قباد شێرزاد نوری
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٢٠٣٦/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٦
جاردان
بۆ داوالێکراو (شیلان عمر عبدالقادر) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٢٠٣٦/ش/٢٠١٩) دادگا بریاری دا بڕیاربدا لەسەر (پەسندکردنی طلاق) لەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٣ لەنێوان داواکار (محمد عبدالکریم مصطفی) وە داوالێکراو (شیلان عمر عبدالقادر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشتعاری موختاری هەولێر- پیرزین نوێ بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارداندە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٧/١٠
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (رائد برکات حسین) لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٩ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (رێگای بحرکە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم
مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- ئێکس تڕۆدەری دروستکردنی قەپاغی دەبەی جۆراوجۆر ژمارە/٢٣٣٧٥ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠ چلەرو بۆرد.
٢- سەرامەی وورکردنی پلاستیك ژمارە/٢٠١٧٠٥٢٥ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥
٣- دووادنە دروستکردنی دەبەی پلاستیکی تەحین سینین ژمارە/١١٦٨ + ١١٥٨ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٢٠ ملحق چلر عدد ٣
٤- لێدانی لەزگە لە دەبەی تەحین بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٦ توانای K.W٢
٥- دوانزە دانە عصارە مطحنە دروستکردنی تەحین بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٦ توانای ٧,٥*K.W١٢
٦- تەنعیم کردنی تەحین ژمارە HM-١٨٠٩٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W١٥
٧- سێ دانە تێکردنی تەحین بۆ ناو دەبەی تەحین بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢,٥*K.W٣
٨- لێدانی بەروارى دەرچوون و بەسەرچوون ژمارە AX٠٠٠٠٠١٣٩٩٥ دروستکراوی بریطانی مۆدێل ٢٠١٦ توانای A ٢.
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٧/١٠
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هندرین سربەست عمر) لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٩ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم
مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- ئامێری بڕینی دار بەپێوانەی جۆراوجۆر ژمارە/١١١٣٧٠٠٠ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٨,٤٢.
٢- ئامێری بڕینی دار بەپێوانە ژمارە/١١١٣٧٠٠١ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٣٧.
٣- ئامێری تێژکردنی چیلکەی دار ژمارە/١١١٣٧٠٠٢ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٦,٧٣.
٤- ئامێری جیاکردنەوەی دار ژمارە/١١١٣٧٠٠٣ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٧٥.
٥- ئامێری پۆلیش کردنی دار ژمارە/١١١٣٧٠٠٤ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,١.
٦- ئامێری جیاکردنەوەی داری ددان ژمارە/١١١٣٧٠٠٥ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥٠.
٧- ئامێری تێژکردنی داری ددان ژمارە/١١١٣٧٠٠٦ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٩٩.
٨- ئامێری تێژکردنی جۆراو جۆری دار ژمارە/١١١٣٧٠٠٧ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٣٧.
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی: ٢٠١٩/٦٤٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٦
ئاگاداری
بۆ قەرزار/ حسین صدام هاشم شوێنی نیشتەجێ نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان وە نیشتەنی هەمیشەیی یان کاتی یان هەلبژێردراوتان نییە بۆ پێ راگەیاندنتان، هەر بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە ئاگادار بکرێنەوە بە بڕیاری فرۆشتنی بنبر (الاحالە القطعیە) لەسەر مولکی ژمارە (١٥٩٢ شاری زیتون) بەبڕی (٤٢,٢٤٠,٠٠٠) ملیۆن دینار لەسەر داوای خاوەن قەرز (شرکة شجرە الزیتون) کە دەکاتە (٢٤,٤٢٠,٠٠٠) ملیۆن دینار. وە بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامی ماددەی (٩٧) لەیاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا بە راگەیاندنتان بەم ئیحالەیەی سەرەوەی بۆ دانەوەی بڕی پارە قەرزی سەرەوە لە ماوەی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی دوای بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی ناوخۆ بە لەکاتی نامادە نەبوونت ئەم بەرێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بەجێبەجێکردنی زۆری بەپێی یاسا فرۆشرا بەکریار/ دەشتی علی محمود حمد.
جێبەجێکاری داد/ احمد محمد فرزی
* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (تکنوساز Technosaz) بۆ (بازرگانی گشتی وبازرگانی کەل وپەلی کارەبایی ومیکانیکی وئەلکترونی - هاورە وهەنارە / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / باور ذکری محمد
ناڤ ونیشان / دهوك - گری باصی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٠٠١٥٦

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ٥٢٠٨
رێکەوت / ٢٠١٩/٧/١٦
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (تاك)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (مقصود صالح احمد) بۆ بازرگانی گشتی و هێنان و بردن / تاك)وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێ ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو
ئاراس رووف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٠٣٩٠/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/٧/١٦
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەویەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی سالّی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (١٥) یازدەیەمین رۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بلاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٤٥٥/٣٨ ك ٤٥ وارش جۆری بەکارهێنان/ گەراجی باشوور ماوەی بەکرێدان/ یەك سال.
مەرجەکانی گواستنەوە
١- دەبێت بەلێندەر پابەندی هەموو رێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بێت.
٢- دەبێت بەلێندەر پابەندبێت بەو رێژەی (عمولە)ی کە دیاریکراوە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.
٣- بەلێندەر بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە دەست وەردان بکات لە رێزبەندی ئۆتۆمبێلی هێلەکان.
٤- بەلێندەر بۆی نییە بەهیچ شێوەیەك دەست وەردان بکات لەپارەی بەرید چونکە بەرید مافی شوفێرە وە لەلایەن بەرپرسی هێل و فەرمانبەری گواستنەوە رێك دەخرێت.
٥- دانانی بارمتەی بەبری (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار لەلایەن بەلێندەر لە بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی هەولێر بەمەبەستی پابەندبوونی بەرێنماییەکان وە لەکاتی هەبوونی هەر سەرپێچیەك، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوە دەسەلاتی غەرامەکردنی بەلێندەری هەبێت بەبری (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار.
٦- بەلێندەر دەبێت (ئاسایشی ناو گەراج بپارێزێت وە دانانی کامێرای چاودێری و رووناکردنەوەی ٢٤ کاتژمێری.
٧- بەلێندەر دەبێت پاك و خاوێنی ناو گەراج رابگرێت وە دانانی پاککەرەوە لەسەر بوودجەی خۆی.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1936:
لە ئسپانیا فرانسیسکۆ فرانکۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی راگەیاند و شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتە بەرپا بوو .



سالی 1968:
لە عێراق کۆتایی بە دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان عارف هێنرا و بەعس کۆنترۆڵی دەسەڵاتی کرد .



سالی 1973:
لە ئەفغانستان کودەتایەکی سەربازی رووبدا و کۆتایی بە سیستمی پادشایەتی هێنرا .



سالی 1978:
ئەنجوومەنی گەلی یەمەنی عەلی عەبدولا سالحی وەک سەرۆکی یەمەن هەڵبژارد.



سالی 2009:
دوو تەقینەوە لە گەورەترین هۆتێلی شاری جاکارتای پایتەختی ئەندۆنیسیا رووبدا .



سالی 2015:
داعش تەقینەوەیەکی گەورەی لە شاری خان بەنی سەعدی عێراق ئەنجامدا و زیاتر لە 120کەس کوژران .

ئیمانوێل ماکرۆن .. هەڕەشە لە یەکێتی گەلی فەرەنسا دەکرێ



تا: ل. کاروباری نێودەوڵەتی

لە میانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا ، ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا لە کۆشکی ئەلیزێ و وەک وەڵامێک بۆ بەردەوامبوونی ئێلەگ زەردەکان رایگەیاند کە لە داهاتوودا حکوومەتەکەی تووندیی زیاتر بەرامبەر بە هەموو شێوازەکانی ئیسلامی سیاسی و تایەفەگەری دەنوێنێ چونکە ئەوان بوونەتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی گەلی فەرەنسا . کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەی ماکرۆن دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک ساز کرا بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کێشە و داواکاریەکانی ئێلەگ زەردەکان .



ڕێوشوێنی نوێ

بە گوێرەی زانیایەکان ، لەو کۆبوونەوەیەی کە لە کۆشکی ئەلیزێ ئەنجام دراوە باس لە بابەتی عەلمانیەت کراوە و ئامادەبووان جەختیان لەوە کردۆتەوە کە یاسای 1905 کاریگەریی خۆی هەبووە و دەبێ فەرەنسا بەردەوام بێ لەسەر پیادەکردنی . لەو بارەوە ماکرۆن لە لە کۆنگرەکەدا وتی: کاتێک باسی عەلمانیەت دەکەین ، دەبێ لە وتەکانماندا جەخت لەسەر تایەفەگەریی بکەینەوە کە بە هەندێک ناوچەدا بڵاو بۆتەوە ، هاوکات پێویستە باس لە بوونی پرۆژەیەکی سیاسی بکەین کە بەناوی ئاینەوە دەخرێتەروو . لە راستیدا ئیسلامی سیاسی هەوڵ دەدات لە بەهاکانی کۆمار جیامان بکاتەوە . سەرۆکی فەرەنسا وتیشی کە حکوومەتەکەی هەموو ئەو قوتابخانە و ڕێکخراوانەی داخستوون کە یاسایی نەبوون ، هەروەها جەختی لەوەش کردەوە کە پێویستە چاودێری ئەو پارەوپولە بکرێ کە لە دەرەوە ڕەوانەی فەرەنسا دەکرێ . شایەنی باسە لە کۆی 67 ملیۆن کەسی کۆی ژمارەی دانیشتوانی فەرەنسا ،ژمارەی موسوڵمانانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە لە 5 ملیۆن کەس زیاترە .

ئێلەگ زەردەکان بێ هیوا بوون

ئێلەگ زەردەکان کە بۆ ماوەی شەش مانگە هەموو شەممەیەک دەڕێنە سەر شەقامەکان و نارەزایی دەردەبڕن ، رایانگەیاند کە سەرۆک ماکرۆن بەم کۆنگرە رۆژنامەنووسیە دووپاتی کردەوە کە ئەو ئاگاداری داواکاریەکانمانە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەنیازە بەردەوام بێ لەسەر ئەو سیاسەتانەی کە حکوومەتەکەی پیادەیان دەکات ، بۆیە ئەوان دووپاتیان کردەوە کە بەردەوام دەبن لەسەر خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین .

ماکرۆن هەڵە دەکات

دوای تەواوبوونی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرجەم دەنگە نارازیەکانی نێو پارت و باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن ، لەوپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ هاتنە دەنگ و رایانگەیاند کە ئەوان بەرامبەر بەو پێداگیریەی ماکرۆن هەست بە بێ هیوایی دەکەن ، پێدەچێ ماکرۆن لە توانایدا نەبێ هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ ئەنجام بدات و بەمە سەرۆک هەڵەیەکی گەورە دەکات ، چونکە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەوروپا لەلایەن دەنگدەرانەوە سزا دەدرێ .

بایدن 2020



جێنیفەر رۆبن

دان بالز، لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، بەو دەرەنجامە گەیشتووە:"لەنێوەندی بە ئەمەکەکان بۆ جۆن بایدن، جێگری پێشووی سەرۆک، ئەو گومانە هەیە، لەوانەیە هەڵمەتی 2020، بە تایبەتی لە بەرژەوەندی ئەوەدا بێت، کاتێک دەنگدەران بڕیار دەدەن، ئایا بە بەردەوامبوونی سەرۆکایەتی سەرۆک، دۆنالد ترەمپ، رازی دەبن، یان دوای یەک ماوەی سەرۆکایەتی، کۆتایی پێ دەهێنن. ئەوەش ئەو هۆکارەیە، کە وا لە بایدن دەکات، زۆر بەتوندی مەیلی خۆ پاڵاوتنی هەبێت". ئەوەیان تەنیا پەرۆشی نییە، بەڵکو پێم وایە دداننانە بەوەی، ئەو کوالێتیانەی بایدن هەیەتی، پاڵێوراوەکانی دیکە نیانە، لەوانەیە ئەوەش بۆ لە زەویدانی ترەمپ، شتێکی بنەڕەتیی بێت. لە گۆڕەپانی ئێستادا، نەبوونییەکی بەرچاوی قورسایی هەیە، ئەگەر دەستەواژەکە راست بێت. رکابەرەکان لە بیرۆکە یان وتاری جۆش و خرۆشیان کەم نییە، بەڵام کارامەیی پاساویان، کە بۆ خۆ پاڵاوتن پێشکەشی دەکەن، کەمە و لە هەوا سووکترە. هەموو پاڵێوراوەکان ڕەخنە لە ترەمپ دەگرن و پێیان وایە، دەتوانن لیستێک لە پێشنیاری بنچینەیی پێشکەش بکەن، وەکو چاودێری پزیشکیی بۆ هەموان، لەگەڵ دەستەوارەیەکی سەوزی تازەدا. پێشبڕکێکارەکانیش ڕووی دەمیان لە زۆرینەی دەنگدەرانە، ئەوانەی کە خۆیشیان گازاندە لە ترەمپ دەکەن. بای وای دابنێین، وڵات چاوەڕێی چاودێری پزیشکیی بۆ هەموان و پلانی دیکەی گەورە دەکات، کەشتێکی ڕاست نییە. بە کورتی، گۆڕەپانی ئێستا لە دیاریکردنی کێشەکە، کە خۆی لە ترەمپ و گوشارخستنە سەر چینی ناوەڕاست دەبینیتەوە، شتێکی باشی کرد، بەڵام لەوانەیە لە پێشکەشکردنی چارەکان، یان لە ڕادەی ئەو هیلاکییەی، بەهۆی کارگێڕییەکەی ترەمپ، بەر وڵات کەوتووە، لەگەڵ ئەو قەیرانەی کە لە واشنتۆن کۆتایی نایەت، زیادەڕەوی کردبێت.

ئەوەش بۆ بایدن دەمانگێڕێتەوە، بە هەر حاڵ، تاکو ئێستا ئابووری تاکو ڕادەیەکی زۆر باشە ، ئەوەیان ئابوورییەکەی سااڵی 2008 نییە ، کاتێک ئۆباما توانی، لەدژی حزب بچێتە ڕکابەرییەوە، لەژێر سەرپەرشتی ئەویشدا کارەساتێکی ئابووری قەوما. بایدن، جۆرێک لە متمانەی دروست کردووە، کە لەوانەیە سااڵنی ئەزموونی پشتیوانی بێت، بەوەی سندوقی کەلوپەلەکانە، بۆ چاکردنەوەی هەندێ کێشەی گەورە، بێ ئەوەی پشێوی بنێتەوە. بایدن دەتوانێت بڵێت:"من ئەو کۆماریانە باش دەناسم، ئەوان هیچ بیرۆکەیەکیان لەبارەی چۆنیەتی چارەکردنی کێشەکانمان نییە، من دەزانم چۆن دەتوانم، وا لە مەحاڵەکانی ئەوان بکەم، لەدژی برگە باوەکان بن، ئەوانەی لەلایەن گەلەوە قبوڵ کراون، وەکو کەمکردنەوەی خەرجیی سڕکەرەکان، پێوەرەکانی سەلامەتی لە هەبوونی چەکی ئاگرین و وزەی سەوز".

جۆ بایدن، لەوانی دیکە کەمتر پابەندی چاودێری پزیشکیی گشتیی، یان ڕێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، یان زیادبوونی تەواوی داهاتی ماڵباتی چینی کرێکار، لە ماڵباتەکانی دیکەی پێشبڕکێیەکە نییە. ئەوەی جیاشی دەکاتەوە، ویستی پتەو و هەستی دەنگدەرانە، هەتا ئەوانەی لە دژی سیاسەتەکەی ئەویشن، بەوەی ئەو ویستە لەلای کەسێکی ڕەسەن جێگیر دەبێت.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/7/17 ژمارە (5791)

پرۆفایل

ناپلیۆن پۆناپرت ..

پاریزەری شۆڕشی فەرەنسا یان ئیمپراتۆری شەڕ



ئا: هەندرین شێرزاد

ناپلیۆن پۆناپرت ، یەکێک لە بەناوبانگترین سەرکردە سەربازیەکانی جیهان ، دووجار پۆستی ئیمپراتۆریەتی فەرەنسای گرتە دەست و بۆ ماوەی چەند دەیەیەکیش توانی تەواوی کیشوەری ئەورووپا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی . هەروەها بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک جگە لە شارەزایی بواری سەربازی ، بەڵکو هەوڵەکانی لە بواری یاسا و ئابووری و سیاسی و تەکنۆلۆژی سەرجەم بوارەکانی تر .

پاریزەری شۆڕشی فەرەنسا

ئەو ئەگەرچی لە سەرەتادا لە ناو خاکی فەرەنسا ئەرکی پێ سپێردرا ، بەڵام لە ماوەی هەشت ساڵی یەکەمدا زۆربەی کاتەکانی لە دوورگەی کۆرسیکا بەسەر بردووە . شارەزاییەکی زۆری هەبووە لە بواری نووسینی نامە و یاریکردن بە یاساکان و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسا . لە سەرەتادا لایەنگری باسکال پاولی یاخیبووی کۆرسیکی بووە ، بەو پێیەی باوکی لای ئەو کاری کردووە ، بەڵام دوای بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ لە بوو بە یەکێک لە بەرهەڵستکارانی پاولی .

لەو ماوەیەدا خانەوادەی ناپلیۆن رووی دەکاتە فەرەنسا . لە کانوونی یەکەمی ساڵی **1793** ناپلیۆن بوو بە پاڵەوانی شەڕی تۆلۆن ، دوای ئەوەی توانی بە گوێرەی پلانێکی تایبەت بەسەر ئەو یاخیبوانە سەر بکەوێ کە لەلایەن بەریتانیاوە پشتگیریان لێ دەکرا .بەمەش ئەو بوو بە یەکێک لە ژەنەرالە نزیکەکانی ئۆگستین رۆبسپێر . ماوەیەکی کەم دوای بەرپابوونی شۆڕش ،ناپلیۆن بە تۆمەتی خیانەتکردن دەستگیر دەکرێ بەڵام لەلایەن یەکێک لە سەرکردەکانەوە پشتگیری دەکرێ و ئازاد دەکرێ . ماوەیەک دواتر ناپلیۆن بوو بە یەکێک لە سەرکردە گرنگەکانی فەرەنسا . تەنیا دوو ساڵ دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە ، ئەرکی کارکردن لە نووسینگەیەکی سەربازی پێ سپێردرا و لەوێوە ناپلیۆن توانی خۆی بگەیەنێتە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتەکەی . بۆیە لە تەمەنی **26** ساڵیدا ئەو وەک یەکێک لە بەرپرسە سەربازیە هەرە گرنگەکان حیسابی بۆ دەکرا و لە ساڵی **1796** لەگەڵ جۆزفین دی بوارنێ هاوسەرگیری کرد .

هەنگاونان بەرەو سەرەوە

ساڵی **1796** فەرەنسا و هێرشی کرد سەر نەمسا و پیەمۆنتی سوپایەکی وا گەورەش ئەوەندە ئاسان نەبوو . رووسەکان چەند جارێک لەو رووبەرە بەرفراوانەی خاکی وڵاتەکەیان کشانەوە ، بەمەش ئاستەم بوو خۆراک و پێداویستی بگاتە سوپای ناپلیۆن . رۆژی **8**ی ئەیلولی **1812**و دوای شەڕی بۆرۆدینۆی خوێناوی کە **80.000** سەربازی تیادا کوژرا ، گەیشتە مۆسکۆ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رووسەکان خۆیان بە دەستەوە نەدا و ئاگریان لە مۆسکۆ بەردا و ناپلیۆنیان ناچار کرد بکشێتەوە . لە کۆتایی هەمان ساڵدا تەنیا **10** هەزار سەرباز توانای شەڕکردنیان مابوو .

پاریس خۆی بە دەستەوە دا

لە ساڵی **1813**و **1814**، گوشارەکان بۆ سەر ناپلیۆن زیاد بوون ، لەو سەر دوژمنانی سوپاکەیان شکاند و رووبان کردە پاریس ، لەو لاشەوە بەریتانیەکان لە ئسپانیاوە گەڕانەوە فەرەنسا ، سەرکردەکانی سوپا لاوازیان پێوە دیار بوو و ناپلیۆن پشتگیری میللەتەکەی لەدەست دا . ئەگەرچی ئەو لە نیوەی یەکەمی ساڵی **1814** زیرەکیەکی کەموێنەی لە بواری سەربازی نواند ، بەڵام نەیتوانی بە تەنیا سەرکەوتن مسۆگەر بکات ، بۆیە لە ئاداری **1814** پاریس بەبێ شەڕ کەوتە دەستی هێزەکانی هاوپەیمانان و ناپلیۆنیش دەستبەرداری پلە و پایە و نازناوەکانی بوو و ڕەوانەی دوورگەی ئیلبای ئیتالی کرا .

دواین سەرکێشی

ساڵی **1815** ناپلیۆن بە نهێنی خۆی گەیاندەوە فەرەنسا و جارێکی دیکە دەسەڵاتی گرتەوە دەست و ژمارەیەک چاکسازی لە سوپا و حکومەتی وڵات ئەنجام دا و چووە نێو یەکێک لە گەورەترین شەڕەکانی مێژوو کە واترلۆ بوو ، ئەم سەرکێشیە تەنیا لە ماوەی **100** ڕۆژ رووبەدا و بۆ دواین جار لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ دەستبەرداری نازناو و پایەکانی بووەوە . ئەم جارە هێزەکانی بەریتانیا ڕەوانەی دوورگەی سانت هیلانەیان کرد ، لەوێ باری تەندروستی ناپلیۆن رووی لە خراپی کرد و لە 5ی ئایاری **1812** و لە تەمەنی **51** ساڵیدا کۆچی دوایی کرد .



ڕۆژی 15ی ئابی 1769 لە شاری ئەجاکسیۆی دوورگەی کۆرسیکا لەدایک بووە . کارلۆ پۆناپرتی باوکی لە بواری سیاسەت و دادوەری کاری کردووە و دایکی ناوی ماری یتیتسیا بووە.

ناپلیۆن کوڕی خانەوادەیەکی پایەبەرز و ناسراوی دوورگەی کۆرسیکا بووە، پەیوەندی بە ئەکادیمیای سەربازی ببریانەوە کردووە.

ناوەڕاستی ساڵی **1798** سەرکردایەتی هەڵمەتێکی گەورەی سەربازی کرد بۆ سەر میسر و سووریا ، ئەگەرچی لە ڕووی سەربازیەوە هەڵمەتەکە بۆ سەر میسر شکستی هێنا بەڵام کاردانەوەیەکی گەورەی شەڕ دابوو و ناپلیۆن توانی تەنیا لە ماوەی یەک ساڵدا شکستیان پێ بێنێ .

کونسوڵ و ئیمپراتۆر

دوای مۆرکردنی چەند ڕێککەوتنێک کە بوونە مایەی خولقاندنی ئاشتی لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی قۆزتەوە.

گەڕانەوە بۆ شەڕ

ئەو ئاشتیەی کە بۆ ماوەیەکی کورت لە ئەورووپا بەرقەرار بوو دڕێژەی نەکێشا ، لەولاشەوە بەشێکی ناوبانگ پیرۆزی ڕۆمانی ژمارەیەک ویلایەتی تازەی بونیاد نا .

ئیمپراتۆر لەکوێ شکستی هێنا؟

ساڵی **1812** هێزێکی **40.000** کەسی کۆکردەوە و بە مەبەستی شەڕکردن ڕووی کردە ڕووسیا ، دابینکردن و

بەردەوامبونی لە ل 14

مانشێت



سکای نیوز:
بەهۆی بەردەوامبونی تورکیا لە پرۆسەی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی غاز لە کەناراوەکانی قوبرس، یەکێتی ئەورووپا بڕیاری دا چەند سزایەک بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنێ



سی ئێن ئێن:
لە هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنیندا ، پۆلیسی ئیتاڵیا لە ماڵی چەند کەسێکی نزیک لە نازیە نوێیەکاندا دەستی بەسەر ژمارەیەک چەک و تەقەمەنیدا گرت .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
لە ڕاپۆرتێکدا ، نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لەوە کردووە کە لە سەرتاسەری جیهاندا **820** ملیۆن کەس بە دەستی هەژاریەوە دەنالێنن .



فرانس 24:
وەک وەڵامێک بۆ چەند کۆنگرێسمانێکی ئافرەتی سەر بە پارتی دێموکرات، سەرۆکی ئەمەریکا لە تویتێکدا ڕایگەیاند: ئەمەریکا هەرگیز نابێتە وڵاتێکی سۆسیالیستی یان شیوعی .



ڕۆیتەرز:
فیدریکا مۆگیرینی بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا هۆشداری دا لەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکێشیەکی مەترسیدار لە ئارادایە .



کەنالی ئار تی:
بۆریس جۆنسۆنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا جەختی لەوە کردەوە کە هەرگیز پشتگیری لە بەرپاکردنی شەڕ لە دژی ئێران ناکات .

کابینەی نۆیەم

بەم هەنگاوانە دەتوانێت ئاستی گەشتیاری هەرێم بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو

نادر روستی

گەشتیاری بۆتە یەکێک لەسەرچاوەکانی داهات بۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتان تەنانەت وڵاتانی زڵهێز و خاوەن تەکنەلۆژیا و پیشەسازی پێشکەوتو، سەدان زانکۆ و کۆلیژ و پەیمانگەی گەشتوگوزار لە جیهان هەیە و سەدان کتێب و توێژینەوە و کتێب لە جیهان نوسراو بڵاوکراوەتەوە. زۆربەی وڵاتان وەزارەت یان دامەزراوەی تایبەت بە گەشتوگوزاریان هەیە، هەزاران کۆمپانیا و ریکخراوی جیهانی تایبەت بە گەشتوگوزار هەیە، سالآنە چەند کۆنفرانسێکی جیهانی بۆ تازەگەری و پێشخستنی گەشتیاری لەسەر ئاستی جیهان دەکرێ، نەتەوە یەکگرتووەکان ریکخراوی گەشتیاری لە سالی 1975 دروست کردوە و لە 27ئەیلول سالآنە بە چەندان چالاکی ئەم یادە بۆ پێشخسنی گەشتیاری دەکرێتەوە.


رێکخستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەکانی گەشتیاری دە بەرامبەر گەشتیار زیاد دەکات.. سیپەی ئاکرێ

لە سالی 2007 تاکو ئەمرۆش لە هەرێمی کوردستان ئاماژەکان پێمان دەلێن کەرتی گەشتیاری پێشوەچوونی باشی بە خۆیەوە بینوە، بۆ نمونە ژمارەی گەشتیاران لە 377 هەزار بەرزبۆتەوە بۆ 3 ملیۆن گەشتیار، ژمارەیی میوانخانە لە 106 دانە بەرزبۆتەوە بۆ 625 میوانخانە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دیان کیشە و گرفتی گەورە لە کەرتی گەشتیاری بوونیان هەیە و چارەسەر نەکراوە، ئەگەر کێشەکان بە کەلەکەبووی بمێنەوە و چارەسەر نەکرێن دلنیابن کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستان روو لە پاشەکشە دەکات و ژمارەی گەشتیارانیش زیاد ناکات. بە پێی شارەزایی من کە تاکو ئەمرۆ لە بارەی گەشتیاری هەرێم 3 کتێبم نووسیوە و 5 توێژینەوەم کردو زیاتر لە 1000 بابەتی رۆژنامەوانیم لەسەر گەشتیاری بڵاوکردۆتەوە و 9 سالیشە بە پراکتیکی وەک بەرێوەبەرێک کاری مەیدانی لە دەستەی گەشتوگوزار دەکەم و سەرپەرشتی دەیان چالاکیم کردوە و لە دەیان چالاکی بەشدار بووم، چەند بابەتێکی ستراتیژی گرنگ هەیە کە کابینەی نۆیەم دەتوانێت بە جێبەجێکردنیان کەرتی گەشتیاری زۆر پێشبخات، بۆیە لێرەوە وەک چارەسەر بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری دەخەمەروو:

لە کارنامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار مەسرور بارزانی بۆ کابینەی نۆیەم لە تەوەری ئابووری باس لە گرنگی پێدانی کەرتی گەشتیاری کراوە، کەواتە تێگەیشتنێکی روون بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار هەیە، لەسەر ئەم بنەمایە ئێمەش دەتوانین چەند پێشنیارێک بکەین و چەند هەنگاوێکی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری بۆ کابینەی نۆیەم لێرەوە بخەینەروو:

1- جێبەجێکردنی ماستەر پلانی گەشتیاری: لە سالی 2011وە دەستەی گشتی گەشتوگوزار ماستەرپلانی گەشتیاری و پلانی ستراتیژی تاکو سالی 2025 بۆ کەرتی گەشتیاری دارشت، پێویستە کابینەی نۆیەم فەرامۆشی نەکات و بیکات بە نەخشە رێگەی کارکردن، پالپشتی بکات بۆ لادانی کۆسپ و تەگەرەکانی سەر رێگەی جێبەجێکردنی ماستەرپلان و پلانە ستراتیژیەکەی. 67 پرۆژە دیزاینی بۆ کراوە، کە دەکرێ کێشەی زەوی و سەرماییەیان بۆ چارەسەر بکرێ.

2- پاسای گەشتوگوزار: زیاتر لە 7 سالە رەشنووسی یاسایەکی گشتگیر بۆ پیشخستنی کەرتی گەشتیاری کاری لەسەر کراوە و لە سالی 2017وە بۆ لایەنی پەیوەندار بەرزکراوەتەوە بەڵام بەهۆی بارگرانی کابینەی هەشتەم و بە هۆی کارانەبوونەوەی پەرلەمان یاساکە کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە کابینەی نۆیەم دەتوانێت یاساکە بۆ پەرلەمان رەوانە بکات و لەم خولەی پەرلەمان زیاتر دراسە بکرێ و پەسند بکرێ.

3- کێشەی دەرچوانی گەشتوگوزار: لە هەرێمی کوردستان 4 ئامادەی گەشتیاری و 5 پەیمانگە و 5 بەشی گەشتیاری لە زانکۆکان بوونیان هەیە، لەم چەند سالەی رابردوو ژمارەیەکی زۆر دەرچوو نیردراونەتە مالەوە و بێ کارن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی پرۆژەیەک لە لای من ئامادەکراوە کە چارەسەری کێشەکەی بە شێوەیەکی میکانکی لەخۆ گرتووە، کە دواجار کوالیتی خزمەتگوزاری لە بنکەکانی گەشتیاری بەرزدەکاتەوە و ئاستی خوێندنیش بەرزدەکاتەوە.

4- چارەسەرکردنی کێشەی لابەلا: هەندێک لە کێشەی تری گەشتوگوزاریش هەیە کە پەیوەندی بە هەیکەل و پەیوەندی هەرێم و بەغدا و پەیوەندی بە وەزارەتەکانی تر و بە کەرتی تایبەت و بە دەزگاکانی راگەیاندن بە هۆشیاری هاوڵاتیان و بە کۆمپانیاکان و بە خوێندنی گەشتیاریەوە هەیە، من پرۆژەیەکی 20 لاپەڕەم بۆی ئامادە کردووە، کە دەکرێ بخرێتە دراسەوە و کاری لەسەر بکرێ.

5- شاری ستراتیژی گەشتوگوزار: چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان لە رێگەی پرۆژەی ستراتیژی شاری گەشتیاری لێ دروست بکرێ، وەک شاری شەرم شیخی گەشتیاری میسر کە سەرجەم چالاکی و پێداویستی گەشتیاران لە خۆ دەگرێ و دابەبرێ لە ناوچە و شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و گەشتیار هەموو ئازادیەکی دەبێت بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە 4 ماستەر پلان بۆ 4ناوچە ئامادەکراوە کە دەکرێ کاری لەسەر بکرێت و بچنە بواری جێبەجێ کردن: ئەمانەش ناوی شوێنەکانە کە ماستەرپلانیان بۆ ئامادەکراوە (ماستەرپلانی سەر دەریاچەی دووکان، ماستەرپلانی سەر چیای سەفین، ماستەر پلانی سەر بەنداوی دهۆک، ماستەر پلانی سەر چیای زاوا لە دهۆک). لەهەمان کات لە رێگەی سەرمایادارن دەکرێ ناوچەی دیکەش ماستەرپلانیان بۆ دابنرێ و بکرێن بە ناوچەی گەشتیاری.

وەرتێ

لە رەز و باخداری بۆتە ناوچەیەکی گەشتیاری

شارۆچکەی وەرتێ سەر بە شارۆچکەی رواندزە و بە دووری 150کم دەکەوێتە باکووری رۆژهەلآتی شاری هەولێر، وەرتێ لە ناو سروشتێکی جوانی رازاوە بە دار و درخت و بە چیا و بەرزایی دەورەدراوە دەکەوێتە دۆلێک کە ژمارەیەک گوند لە خۆ دەگرێ (وەرتێ، بەرۆژ، زێوەی وەرتێ، سولێ، هەواری مەکێ). مرۆڤ بە سروشتی رازاوەی ناوچەکە هەست بە ئارامی دەڕوون و جەستە دەکات. لە دەروازەی وەرتێ هاژەی ڕووبار و لوتکەی چیا و سێبەری داری بەرز پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن. لە سالی 2008 لە گەشتیم بۆ وەرتێ جگە لە رەزوباخ و هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵی هیچ کەپری گەشتیاریم لە سنوورەکە نەبینی، بەڵام لە کۆتیی گەشتێک بۆ گەشتوگوزار نووسیبووم کە وەرتێ لە ئایندێکی نزیک دەبێتە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ.

بە پێی زانیاریەکانی بنکەی گەشتوگوزاری رواندز لە ئێستادا 35 سەیرانگە و 550 کەپر لە سنووری ناحیەی وەرتێ دروست کراوە. (23 سەیرانگە لە لایان شارەوانی و ناحیە نوسراوبان بۆ کراوە لە لایەن گەشتوگوزاری رواندز تۆمار کراون، 12 سەیرانگە تاکو ئێستا خۆیان تۆمار نەکردوە و لای شارەوانی و ناحیەش تۆمار نین، لە کۆی ٣٥ سەیرانگە نزیکی ٥٥٠ کەپری لێیە، هەندێکیان بە شێوەی مۆدێرن دروست کراون و تەواوی پێویستی گەشتیاری تێدایە.)


جۆلانەکانی ناو سەیرانگاکانی وەرتێ جێی سەرنجن و گەشتیاران رادەکێشن

کێشەی ناوچەکانی گەشتیاری لە وەرتێ چیا محەمەد بەرپرسی بنکەی گەشتیاری رواندز لە بارەی کێشەکانی ناوچەکە دەڵێت:

رێگای وەرتێ بەتەسک و ناڕێکە و تاکو ئێستا وەک پێویست نیە، مەنشائەی گەورەی گەشتیاران ناتوانن سەردانی ناوچەکە بکەن و گروپی گەشتیاری بۆ ناوچەکە ببەن.

2- شەبەکەی پەیوەندی کۆرەک و زین و فاستلینگ و ئاسیا وەک پێویست نین بەهۆی هەلکەوتە بەرز و نزمیەکەی، زۆر گرنگە هۆی پەیوەندی کردن زۆر باشتر بکرێ.

تاکو ئێستا لە سنوری ناحیەی وەرتێ هیچ چێشتخانەیەکی گەشتیاری لێ نییە ئەمەش یەکێکی ترە لە کێشەکانی ئەم سنورە.

هەندێک لە کەپرەکان شێوازی دروستکردنیان ناڕێکە و رێنمای گەشتیاری وەک پێویست جێبەجێ ناکەن.

لە کۆی ئەم 35 سەیرانگەیە تەنیا 2 سەیرانگە تایبەتن بە گەنجان 33 سەیرانگە خێزانین یاخود. ئەو سەیرانگایانەی تایبەتن بە گەنجان: (سەیرانگای دۆلی خانەقا، سەیرانگەی لادێی وەرتێ).

بەربەستی ناو ڕووبارەکان تاچەند گیانی گەشتیاران لە خنکان رزگار دەکات؟



هەندێک لە ڕووبارەکان کە بوونەتە مەترسی بۆ گیانی گەشتیار و هاوڵاتیان، بە هەر هۆکارێک بێت بەشێک لە گەشتیار و هاوڵاتیان دەخنکێن و لاشەکانیان ئاو دەبات و وونی دەکات، بە مەبستی دۆزینەوەی تەرمەکانیان، تیمەکانی بەرگری شارستانی و کەسوکاری خنکاو ناچار دەبن بۆ چەند رۆژێک بە دیار کەناری ڕووبارەکان دابنیشن و لە قوڵای ڕووبارەکانیش بە دووری چەند کیلۆمەترێک بە دوای دۆزینەوەی تەرمەکە بگەڕێن. بۆ چارەسەر بەشێک لە کێشەکە و بۆ دەربازبوونی گیانی بەشێکیان لە خنکان و بۆ دۆزینەوەی تەرمەکان بە ئاسانی باشترین چارەسەر ئەوەیە کە لە وەرزی گەشتیاری بەربەستی ئاسنین یان پلاستیکی بۆ هەندێک ناوچەی گونجاو دروست بکرێ، بۆ ئەوەی کەسی ئاوبردوو لە بەربەستە گیر بێت و فریای بکەون. جێگای دەستخۆشیە کە سامان ئیدریس لەسەر ئەرکی خۆی لە ڕووباری بێخاڵ بەربەستێکی لەم جۆرەی دروست کردوە.

ئەم شوێنە بناسە

گەلێ ئاڤۆکی



گەلێ ئاڤۆکێ دەکەوێتە ناحیەی چەمانکێ لە سنووری قەزای ئامێدی لە دهۆک، 3 کیلۆمەتر لە ناوەندی ناحیەی چەمانکێ دوورە و بەشێک لە رێگەکەی خۆڵە، بە دووری 50 کیلۆمەترێش دەکەوێتە بەشی رۆژ ئاوای ئامێدی و بە دووری 55 کیلۆمەترێش دەکەوێتە بەشی رۆژهەلآتی دهۆک. لەسەر رێگەی سەرەکی دهۆک ئامێدی لە ناوچەی سواڕەتوکە رێگەی بۆ دەروات.

گەلی ئاڤۆکێ پڕ لە دار و درختی بەرزە، سیبەری دارەکان و ڕووباری ناو گەلیەکە کە لە چەند سەرچاوەیەکی ئاوی سازگار هەڵدەقوڵێ ناوچەکەی کردۆتە ناوچەیەکی گەشتیاری، دانیشتوان ژمارەیەک کەپری سادە و سەرەتایان لێ دروست کردوون و گەشتیاران ڕووی تێدەکەن.

گراندماستەرێکی پیرۆ لە دیمانەیەکی «خەبات»دا..

دیزی ئیستێلا: شانازی بە خانمانی پیرۆ دەکەین کە پاڵەوانی جیهانین بۆ خوار 20 ساڵ



دیمانە: هاوار مورتکەیی

دیزی ئیستێلا خانمە شەترەنجزانی هەڵبژاردەی پیرۆ و هەڵگری بڕوانامەی GMگراندماستەری شەترەنج و یەکێکە لەوانەی کە یارمەتییەکی زۆری هەڵبژاردەی وڵاتەکەی داوە بۆ بەدەستهێنانی چەندین دەسکەوتی شەترەنج لەسەر ئاستی ئەمریکا و جیهان و تەنانەت لە ئۆلۆمپیادەکانیشدا، لەدیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی و دەسکەوتەکان دەخاتە ڕوو.

شەترەنج تەمەن ناناسێت

دیزی Deysi Estela Cori کە لە ساڵی 1983 لە لیمای پایتەختی پیرۆ لەدایک بووە لەبارەی پیشەی ئێستای و دەسکەوتەکانی گوتی: شەترەنج یەکەمین وەرزش بوو کە فێری بووم، لەسەرەتای فێربوونی ئەو یارییەشەوە تا ئێستا زۆر سەرسامم بۆی و زۆریشم خۆش دەوێ، بڕواناکەم بیر لەوە بکەمەوە کە وازی لێبهینم هەرچەندە بکەومە ناو تەمەنیشەوە، ئەو کاتە هەست بە ژیانی خۆم دەکەم کە یاری شەترەنج دەکەم، دەتوانم بڵێم شەترەنج بۆ من بوویتە یەک لە شتە سەرەکییەکانی ژیانم.

5 جارپاڵەوانی ئەمریکا

دواتر ئەو خانمە شەترەنجزانە سەبارەت بە دەسکەوتەکانی لەمبوارەوە گوتی: کاتێک تەمەنم 8ساڵان بوو پلەی یەکەمم لەسەر ئاستی پیرۆ بەدەستهێنا، هەروەها یەکەمین بەشداری نێودەوڵەتیشم لە پاڵەوانێتی ئەرژەنتین بوو لە ساڵی 2002کاتێک تەمەنهم تەنها 9 ساڵ بوو، لە ئۆلۆمپیادی رابردوو لەگەڵ هەڵبژاردەی پیرۆ توانیمان لە ئاستی (ب) پلەی یەکەم بەدەست بهێنین، بەڵام گەورەترین دەسکەوتیشم لە سەتارسەری جیهان لە ساڵی 2011 بوو کاتێک لە پاڵەوانێتی جیخان کە لە هیند بەڕێوەچوو هەڵبژاردەی ئافرەتانی پیرۆ بۆ خوار 20ساڵ پلەی یەکەمان بەدەستهینا، هەروەها لەسەر ئاستی ئەمریکاش تواینومانە لەگەل هەڵبژاردەی ئافرەتانی پیرۆ 5 جار نازناوەکانمان بەدەست هێناون و پلەی یەکەم بووین،



ئەمشەو تونس و نایجیریا بۆ پلەی سێیەم دەجەنگن

ئەمشەو کاتژمێر 10ی شەو بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەو هەڵبژاردەیەی پلەی سێیەمی پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای 2019، هەردوو هەڵبژاردەی تونس و نایجیریا لەسەر یاریگای سەلام لە میسر بەیەک دەگەن.

هەڵبژاردەی تونس دوای دۆڕانی بە هەڵبژاردەی سەنیگال خەونی گەیشتنی بۆ یاری کۆتایی لەدەستدا و میدیاکانی ئەو وڵاتەش دۆڕانەکەیان بۆ زوڵی ڤار گەڕاندەوە کە بڕیارەکان هیچیان دروست نەبوون و ئەوە چەند رۆژێکە هێرشێکی زۆر دەکرێتە سەر ڤار. لەولاشەوە هەڵبژاردەی نایجیریا لە یارییەکی ماراسۆنیدا بەرامبەر هەڵبژاردەی جەزائیر دۆڕا و ئەمشەویش هەردوو بریندارەکە بۆ پلەی سێیەم یاری دەکەن.

بلایلی:

خۆ بەدەستەوە نادەین



یوسف بلایلی هێرشبەری هەڵبژاردەی جەزائیر خۆشحالی خۆی بۆ گەیشتن بە یاری کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا دەربڕی و رایگەیاند کە ئێمە خۆ بەدەستەوە نادەین تا ئەوکاتەی نازناوەکە دەبەینەوە جەزائیر.

بلایلی لە لێدوانێکیدا بۆ یورۆسپۆرت گوتی: هەڵبژاردەکەمان بە گیانیکی جەنگاوەرانە و لەخۆبردوویی لەم پاڵەوانێتییە دەرکەوتن، ئەگەرچی یارییەکان هێندە ئاسان نەبوون، بەڵام ئێمە نیازیکی گەورەمان هەبوو لە گەیشتن بۆ یاری کۆتایی و دواتر بەدەستهێنانی نازناوەکە.

لەنێو ئاپۆڕای جەماوەر، کریس گەڕایەوە یۆڤینتۆس



لە ساتی گەڕانەوەی کریستیانۆ رۆنالدۆی ئەستێرەی پورتوگالی بۆ ناو بارەگای یانەی یۆڤینتۆسی پاڵەوانی خولی ئیتاڵی بۆ تۆپی پێ، پێشوازییەکی گەرم لەلایەن هەواداراتی ئەو یانەوە لێی دەکرێت.

دوای چەند هەفتەیەک لە پشووەکەیدا رۆنالدۆ گەڕایەوە یانەکەی و لە بەردەم بارەگای یانەکەش لە تۆرینۆ ژمارەیەکی زۆر لە هاندەرانی یۆڤی لە پێشوازییدابوون، و چەندین وێنەی یادگاریان لەگەڵ گرت جگە لە وەرگرتنی ئیمزای ئەو ئەستێرەیە. جیی باسە رۆنالدۆی تەمەن 34 ساڵ بەر لەگەڕانەوەی بۆ مەشقەکانی یانەی یۆڤی، چەند پشکنینێکی پزیشکی ئەنجامدا بۆ زانینی ئاستی توانای جەستەیی و ڕێکی لەش و لاری، کە ئەم یاریزانە یەکیکە لەوانەی زۆر بایەخ بە هیزی لەشی دەدات.

دی لیخت بووە یاریزانی یۆڤی



ڕاپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ماتیاس دی لیختی کاپتنی یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی بووەتە یاریزانی یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی، ڕاپۆرتەکە دەڵێت: دی لیخت بەرامبەر بە 75 ملیۆن یورۆ گرێبەستی لەگەڵ یۆڤی ئیمزاکردووە کە تاکو ساڵی 2023 یارییان بۆ بکات.

جێی باسە یانەی ئەیاکس لەکاتی دەستپێکردنەوەی مەشقەکانی بۆ ئامادەکاری ئەم وەرزە، هیچ داوایەکی لەو یاریزانە نەکردووە پەیوەندی بە مەشقەکانەوە بکات، ئەمەش پشت راستکردنەوەیەکە لەوەی دی لیخت ئیتر یاریزانی ئەوان نماوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 17. Jul. 2019 No: (5791)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کەرکووک.. سااڵیادی هونەرمەندی کۆچکردوو هێرش فاتیح بەڕێوەچوو

کەسوکارەکەی داوادەکەن شوێنێکی گشتی بکرێت بەناوی ئەم هونەرمەندە کوردپەروەرەوە


هونەرمەندی کۆچکردوو هێرش فاتیح


لایەنێک لە ڕێورەسمی یادکردنەوەی شەهید

بەرهەم شێخ عزەدین

بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ لقی کەرکووک لە سەنتەری ڕۆشنبیری کەرکووک یەکەم سااڵیادی بۆ هێرش فاتیح هونەرمەندی گۆرانییبێژی کۆچکردو ڕێکخست کە تیایدا بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان و میوزیسسان و ڕۆشنبیران و کەسایەتی و کەسوکار و هەواداراني هونەرمەندی کۆچکردوو ئامادەبوون، لەو مەراسیمەدا محەمەد فاتیحی برای هونەرمەندی کۆچکردو شیعرێکی بۆ هونەرمەندی کۆچکردو خوێندەوە وتاری بنەماڵەشی خوێندەوە و باسی لە ژیانی تایبەتی هونەرمەند هێرش فاتح کرد و گوتی: کاک هێرش یەکیەکە لە سیمبوڵەکانی کەرکوک و پێویستە و ئەرکی سەرشانی هەمو لایانە هونەری و ڕۆشنبیری و حزبی و حکومیەکانی کەرکوکە ، ڕێزێکی تایبەتی لە کاک هێرش بگرن و پەیکەرێکی بۆ دروست بکەن یان شەقامێک یان بنکەیەکی هونەری یان ڕۆشنبیری ناوی ئەوی لێبنێن. لەدرێژەی مەراسیمەکە وتاری چەند هونەمەدن و نووسەرو ڕۆژنامەنوسێک پێش کەش کرا ،لەکۆتایی سااڵیادەکەش چەند گۆرانیەکی هونەرمەندی کۆچکردو پێشکەشی ئامادەبووان کران.

ژیاننامەی هونەرمەند هێرش فاتیح :

هونەرمەند هێرش فاتح حامد لە ١٩٦٨/٣/٢٧ لە بنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەر و ئایین پەروەر و ڕۆشنبیر لە شاری کەرکوک لەدایک بووە ، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە،لەگەڵ ئەوەی وێنەکێشێکی باش بوو ، بەردەوام گوێی لە گۆرانی دەگرت بەتایبەتی مەقامە فارسیەکانی ئیرەج و لە ساڵانی هەشتاکانەوە دەستی کردووە بە گۆرانی ووتن تاکو بەچەند کەسێکی هونەرمەندی وەکو خۆی ئاشنایەتی پەیدا کرد لەوانە هونەرمەندی ساز ژدن نزار ئەحمەد و هونەرمەند فەخرەدین ئەحمەد کە بە فەخرەدین عەوداڵ ناسراوە.

دوای مللمانێ لەگەڵ نەخۆشی لە 11/7/2018کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ئیمام قاسم لە شاری کەرکووک بەخاک سپێردراوە.


لە مۆسکۆ.. جەژنی سااڵنتۆ بەرز ڕاگیرا، تێیدا هەزاران کەس لە گەاڵنی تەتەر و باشکۆرت بە جلوبەرگی کولتووری خۆیانەوە بەشداربیان لەو چاالکییە کرد

کوردستان و کورد

لەم ڕۆژانە چاپی دووەمی کتێبی (کوردستان و الاکراد.. الحرکە القومیە و الزعامە السیاسیە ادریس بارزانی... نموذجا) بە قەبارەیەکی مام ناوەندی و بەرگێکی قەشەنگ و 192 لاپەڕە لە نووسینی خوالێخۆشبوو (سامی شۆڕش) وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری کەوتە بەر دیدی خوێنەران کە لەلایەن خاتوو (فەزیلە شۆڕش)ی خوشکی نووسەر چاپکراوەتەوە. ئەم کتێبە باس لە چەند وێستگەیەکی مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ڕۆڵی سەرکردایەتی دەکات، بۆیە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەران و ئەو نووسەرانە دادەندرێت، کە دەیانەوێت لە مێژووی سیاسی بەتایبەتیش لە پەنجا سااڵی ڕابردوو بکۆڵنەوە.

کتێبەکە لە چوار بەند پێکهاتووە لە: یەکەم/ بارزان المشیخە و التصوف و السیاسە، دووەم/ مصطفی بارزانی.. التحول الاکبر، سێیەم/ ادریس بارزانی.. النشاه و البدایات، چوارەم/ المحطه الاخیره.. المصالحه القومیه.



چاپکراوی نوێ

لە ئەڵمانیا دەست بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای 5G کرا

کۆمپانیای ئەڵمانی بواری پەیوەندییەکان، دۆیچێ تێلێکۆم، ئاشکرایکرد تەکنەلۆژیای نەوەی پێنجەم 5G لە بەرلینی پایتەخت و بۆن، خراوەتە بەر بەکارهێنان. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن کۆمپانیای دۆیچێ تێلێکۆم–دوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە لە بەرلینی پایتەخت و بۆن، تەکنەلۆژیای نەوەی پێنجەم 5G دامەزرێنراوە و دەست بە بەکارهێنانی کراوە و لەدوای ئەو دوو شارەش لە هەریەک لە شارەکانی دارمستاد، هامبۆرگ، لایپزیگ و میونشن دەست بە بەکارهێنانی دەکرێت. تیشک خراوەتە سەر ئەوەش کە لە ماوەی ١٨ مانگی داهاتوودا، لە ٢٠ شاری گەورە، دەست بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای (5G) دەکرێت.

هونەرمەند سانی میلودی باسی ژیانی هونەری خۆی دەکات

زەحمەتە لە کوردستان هونەرمەند بتوانێت بە خێرایی گۆرانییەکانی بگەیێنێتە گوێگرانی



خەبات: سولێن سلیمان

ئالان جەمال ناسراو بە سانی کە لە ساڵی 1993 لە دهۆک لە دایکبووە ئێستاش هەرلەوشاە نیشتەجێیە، لە چاوپێکەوتنێکدا باسی ژیانی هونەری خۆی بۆ «خەبات» دەکات و دەڵێت: سەرەتا لە ساڵی 2010دەستم بەکاری هونەری کردووە بە چەند گۆرانییەک، هەروەها گوتیشی ستۆدیۆیەکی بچووکم لە ماڵەوە هەیە کارە هونەرییەکانم لەوێ بەردەوامی پێداوە.

لە پرسیارێکدا کە ئایا تا ئێستا چەند کلیپ و ئەلبوومەی هەیە ؟ لە وڵامدا سانی دەڵێت:" لە ساڵی 2014، دوو کلیپم بە دوێت لەگەڵ هونەرمەند ئەرکان بڵاوکردۆتەوە، بە ناوی(شەقاتە خوش) وە گۆرانیی دووەمیش بە ناوی (گەر شەهید بووم) بڵاوکردۆتەوە ،هەروەها راشیگەیاند کە لە ساڵی 2015 گۆرانییەکی ترم هەربە دوێت لە گەڵ هونەرمەند ئەرکان بە ناوی (ئەڤینا ئیکلا) بڵاوکردۆتەوە، کە زیاتر لە یەک ملیۆن بینەری تێپەراندبوو لە یتووب کە جێگای خۆشحاڵی بوو، دەشڵێت یەکەم بەرهەمی تایبەت بە خۆم لە ساڵی 2016 بڵاوکردۆتەوە ،بە ناوی (توچاوا ت شێی) ،سە بارەت بە ئەلبوومەکەی سانی دەڵێت: ئەلبوومێکم بە دەستەوەیە ، بەاڵم کاری ریکۆرد ماوە بۆی بکرێت ،گوتیشی ئاوازو تێکستیشی هی خۆمە، لە پرسیارێکدا کە کێ پشتگیری سانی دەکات ؟ دەڵێت :" خێزانەکەم زۆر هاوکارن لە گەڵ من وە هەروەها لەگەڵ خۆشەویستی بینەرەکانم، ئاماژەی بەوەشدا کە کاری هونەری لە کوردستان ئاسان نییە ، وە هەروەها زەحمەتە کەلە کوردستان هونەرمەند بە خێرایی گۆرانییەکانی بگەیەنێتە گوێگرەکانی، وە دەڵێت گرنگە کەسانێک هەبن پشتگیریت بکەن چ لە ڕووی ماددی یا مەعنەوی هاوکاربن، لە پرسیارێکی تردا کە ئایا بۆچی ئێستا بێدەنگە وە کاری نوێی نییە ؟ لە وڵامدا دەڵێت:" هیچ شتێک نەبووتە ڕێگر کە من دیار نەبم راستە کە ئێستا هیچ بەرهەمی نوێم نییە ، بەاڵم ئینشائەللا لەکاتێکی نزیکدا دەنگی من دووبارە دەگاتەوە بینەرەکانم، سانی نەیشاردەوە کە بێجگە لە گۆرانی گوتن تێکست و ئاوازی بۆ زۆر هونەرمەندی نووسیوە ،گوتی :دەمەوێت لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە هونەرمەندی کوردی بکەم.

لە پرسیاری ئەوەی کە بۆچی ئامێری گیتاری هەڵبژاردووە دەڵێت: هەرلە منداڵییەوە گیتار حەز و ئارەزووی من بووە ، سانی گوتیشی: زۆر سەرسامی هونەرمەند کاروان کاملم ، لە کۆتایی دا گوتی سوپاس بۆ ئەوکەسانەی کە هونەرەکەی منیان خۆشدەوێت وە هاوکاریم دەکەن.